YEKBUN

# یەکبوون

UNITED کوردستان KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

August : 2015 | یەکبوون ژمارە : ٦٤ | گەلاوێژی : ٢٧١٥



# نەتەوە لەنێوان شەرمو غروردا

**مەریوان وریا قانیع**



نەتەوە کارخانەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هەستو نەستی جیاوازو ناکۆک بەیەکە، دو جۆر لەو هەستکردنانە لەڕیزی پێشەوەن، یەکەمیان هەستکردنە بەشکۆو غروری نەتەوەیی، دوەمیان هەستکردنە بەشەرم لەنەتەوە. نەتەوە لەهەندێک کەسدا هەستی شکۆو سەربەرزیو غرورو سەرفرازیی دروستدەکاتو ئەو کەسانە خۆشحاڵانە خۆیان وەک ئەندامی ئەو نەتەوەیە دەناسێننو ئینتیمایان بۆ ئەو بەئینتیمای سەرەکیی یان هەرەسەرەکیی دەزانن. زۆربەی کاتیش ئەم جۆرە کەسانە بەشێوازی جیاواز بەرگریی لەو شکۆمەندییو غرورو سەربەرزییە نەتەوەییە دەکەن.

بۆ نمونە دەشێت کوردێک بەوە بەرگریی لەهەستی شکۆمەندیی و غروری نەتەوەیی خۆی بکات کە بڵێت "ئێمە نەتەوەیەکین لەوەتەی هەین بۆ ئازادیی شەڕدەکەین"، "لەم پێناوەدا قوربانییەکی بێئەندازەمان داوە، کوژراوینو ڕاونراوینو دەرکراوین، بەڵام تەسلیم نەبوینو وازمان نەهێناوە". باس لەلیستی درێژی شەهیدەکانو کۆستەکانو وێرانەکانو قوربانییەکان بکات، دەشێت باس لەجەنگاوەرانی کوبانی بکاتو بڵێت:"ببینن ژنانی ئێمە چۆن دەجەنگن". دەشێت بگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەرو ئەم ئاسنگەرە "کورد"ە بەیەکەمین شۆڕشگێڕی ناو مێژو بناسێنێت. دەشێت باس لەسەلاحەدینی ئەیوبی بکاتو بەڕزگارکەری ئیسلامی بزانێت. یان باس لەشەهیدبونی قازی محەممەدو عەبدولرەحمانی قاسملو و شێخ سەعیدی پیران بکات. دەشێت هێما بۆ ئەدەبیاتی کوردی بکات، باس لەنوسەرو هونەرمەندەکانو مۆسیقارەکان بکات، یان ناوی ئەم یان ئەو گۆرانیبێژو وەرزشەوان بهێنێت، دەشێت تەنانەت باس لەسروشتو ژینگەی کوردستان بکات. یاسایەک نییە پێمانڵێت ئەم شکۆو غرورە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بۆیە هەم دەشێت باس لەکارەساتەکان بکرێتو هەم باس لەسەروەرییەکان. ئەوەی لێرەدا ڕودەدات جۆرێکی تایبەتە لەڕازیبون، ڕازیبونی ئەم خودە نەتەوەییە بەرامبەر بەخۆیو بەمێژوە نەتەوەییەکەی، هاوکات بونی خۆیو بونی نەتەوەکەی وەک بونێکی پۆزەتیڤ قبوڵدەکات. ئەم خودە هەم لەخۆبەراوردکردنیدا بەرامبەر بەوانیترو هەم لەبەردەم چاوەڕوانییەکانیدا لەخۆی، ڕوانینێکی پۆزەتیڤی هەیە. ئەم غرورو شکۆیە دەشێت تا دۆخی شۆڤێنیزمو ڕاسیزمی ڕوتو بێپەردە بڕوات، ڕق لەوانیتر ئاراستەی بکات، هەستێکی بوغزاوی وایلێبکات جگە لەخۆی ژمارەیەکی زۆر لەنەتەوەکانی تر بە"پیس"و"بەربەریی"و "گەمژە" دابنێتو وێناکردنی بۆیان کەمتربێت لەوێناکردنیان وەک مرۆڤ.

بەڵام نەتەوە هەستی شەرمکردنیش لەتاکەکەسەکاندا دروستدەکاتو پێچەوانەی هەمو ئەوانەی لەسەرەوە باسکرا بسەلمێنێت. بۆنمونە کوردێک دەتوانێت بڵێت "ئێمە نەتەوەیەکی هیچو بێمانایین"، "بەردەوام ژمارەی جاشەکانمان چەندان جار لەژمارەی پێشمەرگەکانمان زیاتر بوە"، "درێژیی مێژوی شەڕکردنی کورد لەناو خۆیداو لەگەڵ یەکتریدا هیچی کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت، لەمێژوی شەڕکردنیان لەگەڵ دوژمناندا". دەشێت بڵێت "شەرم لەو سەرکردانە دەکەم کە نیشتیمان وەک کۆمەڵێک چاڵو بۆرییە نەوتو وەک دەغیلەیەکی حیزبی گەورەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان تەماشا دەکەن". پێیوابێت"نەتەوەیەکین دزییو جەردەیی گەندەڵیی لەناو هەمو شتێکماندایە، لەئابورییەوە بۆ ئەخلاقو لەسیاسەتەوە بۆ دینو لەدەزگاکانی حوکمڕانییەوە و بۆ دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنیی". خاوەنی میدیایەکی پڕ لەدرۆو تۆمەتو ساختەکاریی بێوێنەین. ئەم کوردە دەتوانێت بڵێ "شەرم لەوە دەکەم کە نەتەوەیەکی دواکەوتوینو لەهیچ بوارێکی ژیانی شارستانییو تەکنۆلۆژیدا شتێکمان نییەو نەکردوە مرۆڤ دڵی پێیخۆشبێت". "زانکۆکانو دەزگا زانستییەکانمان لەڕیزی هەرەدواوەی دونیادانو لەهیچ بوارێکی زانستیدا شتێکمان نەخستۆتە سەر مێژوی زانست لەدونیادا". هەروەها دەکرێت بڵێت "ئێمە نەتەوەیەکین ژمارەیەکی زۆر ژنمان لەسەر سێکسو شەرەفو گومانلێکردن کوشتوەو دەکوژین"، "بەزۆر قورئان بەمنداڵان لەبەردەکەینو هەر لەمناڵییشەوە نێرو مێ لەیەکتری جیادەکەینەوە".

دەکرێت بڵێت "شەرم لەو ڕۆشنبیرانەی وڵاتەکەم دەکەم کە ئەمڕۆ شتێک دەڵێنو سبەینێ پێچەوانەکەی، ئەمڕۆ شۆڕشگێڕنو سبەی سازشکەر، لەبەردەم خێزانە سیاسییە دەسەڵاتدارەکاندا بەچۆکدادێنو هەندێکیان تا ئەو شوێنە دەڕۆن نەخوێندەواربونی سیاسییەکان بەنرخی فیکرو فەلسەفەو حیکمەت بفرۆشن". ئەم وێناکردنە نێگەتیڤە بۆ خود دەشێت تا ئەو شوێنە بڕوات بگۆڕێت بۆ نەفرەتکردنو ڕقبونەوە لەخود. یانی ببێت بەنەخۆشییەکی سایکۆلۆژیی کە ناوی "خودنەفرەتیی"ە. بەکورتی وەکچۆن شکۆی نەتەوەیی دەشێت تا ئاستی نارسیزمو ڕاسیزمو شۆفێنیزم بڕوات، ئاواش شەرمکردن لەنەتەوە دەشێت تا ئاستی "خودنەفرەتیی" بڕوات. لەڕوی زانستیشەوە "خودنەفرەتیی"بەزۆری لەناو ئەو کەمایەتییو میللەتانەدا دروستدەبێت کە ماوەیەکی درێژ بەدەست لاوازییو دابەشبونو تێکشکانەوە دەناڵێن. ئەم دیاردەیە لەناو خوێندەوارە جولەکەکاندا ئامادەبوە، کارل مارکس یەکێکە لەو نوسەرانەی لەلایەن زۆرێک لەجولەکەکانەوە بە"خودنەفرەتیی" تاوانباردەکرێت. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە دەشێت هەمان ئەم دو هەستە ناکۆکە، هەستی شکۆو هەستی شەرم، لەناو یەک کەسدا لەساتەوەختی جیاوازدا ئامادەبێت.

لەدۆخی شەرمکردندا هەستکردن بەبچوکی، بەهیچیی، بەڕیسوایی، بەخەجاڵەتبون ئامادەیە، پەیوەندییەک هەیە بەخود خۆی بەویترەوە تەواو نێگەتیڤە. لەشەرمدا دۆخی خۆبەراوردکردن بەوانیتر دۆخێکی ناڕەحەتو نایەکسانە، تیایدا خود لەم بەراوردەدا وەک شتێکی بێنرخو بێبەهاو بچوک دەردەکەوێت. خاڵێک گرنگە بیزانین ئەوەیە لەدۆخی شەرمکردندا هەمیشە نەفیکردنی خود ئامادەنییە، ئەوەی هەیە هەستکردنێکی نێگەتیڤو ناڕەحەتو تاریکە بەرامبەر بەخود. کەسێک کە شەرم لەنەتەوەکەی دەکات، مەرج نییە ئەو نەتەوەیە نەفیبکات، وەک چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شوناس قبوڵی نەبێت، ئەوەی هەیە هەستێکی نێگەتیڤو خراپە بەرامبەر بەدۆخو ئاستی گەشەکردنو شێوازی ئامادەبونی ئەو نەتەوەیە لەناو دونیادا. ساتەوەختی شەرم ساتەوەختی هەستکردنو هۆشیاربونێکی فراوانی خودە بەئەوانیتر، ئەوانیترێک کە لەخود باشترو پێشکەوتو مافپەروەرترو ئینسانیترو دیموکراسیترو ڕاستگۆترن، هتد... زۆرجار لەپشتی شەرمکردنەوە ئەو شێوازە لەهەستکردنو هۆشیاریی ئامادەیە کە پێیوایە نابێت شتەکان بەوجۆرە بن کە هەنو پێویستە بگۆڕدرێنو دەسکاری بکرێن. شەرمکردن لەوەی کە حکومەتێکی بێشەرمت هەیە، کە سیاسیی بێشەرمت هەیە، کە میدیای بێشەرمت هەیە، کە ڕۆشنبیریی بێشەرمت هەیە، هەمویان بەشێکن لەدیوی ئەودیوی هەستێک کە دروستکردنی حکومەتو سیاسییو میدیاو ڕۆشنبیری باشو بەرپرسیارو ڕاستگۆی دەوێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٥








# بۆ واشینگتۆن پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان ناکات؟

مایکڵ رۆبن/ ئەمێریکەن ئینتێرپرایز
لە ئینگلیزییەوە: مەسعوود مەناف

هەرگیز باشتر لە ئیمرۆ، دەرفەتی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی - ئاواتی کوردان لە دەیەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە- نەڕەخساوە. لە لایەک سەددام حوسێن نەماوە و نەوت، داهاتی ملیارد دۆلاری خستوونەتە گیرفانی کوردان و لە لایەکی تر، شەڕی ناوخۆی سووریا دەرفەتی بۆ پارتی یەکێتیی دیمۆکراتیکی "سالح موسلیم" رەخساندووە تا کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری کوردستانی سووریا بگرێتە دەست.

هاوکات، وتووێژەکانی ئاشتی نێوان رەجەب تەیپ ئەردۆغان و پارتی کرێکارانی عەبدوڵا ئۆجالان، گەلێک لە کوردەکانی تورکیای بەو قەناعەتە گەیاندووە کە هێدی هێدی خەریکە بەرەو کۆنفیدراسیۆنێک لە ناوخۆی تورکیا هەنگاو دەنێن. کۆنفیدراسیۆن، کە هەنگاوی بەر لە سەربەخۆییە. تەنانەت ئەگەر هەوڵی چارەسەری تورکیاش تووشی شکەست بێ، ئەردۆغان کارێکی کرد کە شەرعییەت بە ئۆجالان، وەک کەسایەتییەکی گرینگ و پێویست درا. بەم شێوە، سەرجەم هەوڵەکانی کە تورکیا زیاتر لە یەک دەیەیە، بۆ پەراوێزخستن و لەبیربردنەوەی رێبەری پەکەکە کردی، بێ ئاکام مایەوە.

کوردەکان لەوانەیە چاوەڕوانی زیاتریان لەمەڕ پشتیوانی لە خواستەکانیان لە دەوڵەتی ئۆباما هەبێت بەتایبەت کە سێناتۆر، جێگری سەرکۆمار، جۆزێف بایدێن، ئێستاش پشتیوانی لە دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ ناوچەدا دەکات. بەرپرسانی ئەمریکایی، بە ئاشکرا، نیگەرانی پەرەسەندنی کاریگەری ئێران لەسەر دەوڵەتی ناوەندی عێراقن. لە لایەکی تریشەوە، بەرپرسانی کوردیش چاوەڕوانیان لە کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکا، بە دیمۆکرات و کۆماریخوازەوە-کە ئەوڕۆژانە سەرمایەیەکی زۆریان لە کەرتی نەوتی کوردستان خستۆتەگەڕ- ئەوەیە کە لە کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا، لایەنی هەولێر بگرن.
ئەی باشە بۆ سەرەڕای ئەوەش، هەڵوێستی فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەمبەر داخوازییەکانی کورد هێندە نالایەنگرانەوە ماوەتەوە؟

هۆکارێکی گرینگی ئەو مەسەلە، پێوەندی بەو بنەماڵانەوە هەیە کە رێبەرایەتی سیاسیی کوردان دەکەن. بۆ زۆر کەس لە واشینگتۆن، لە کۆنگرێسمان و ئاکادێمیسییەنەوە بگرە تا رۆژنامەنووسان، هێمای خەباتی کوردان، بەرهەم سالح، نوێنەری نەوەتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەمریکا بووە.

بەرهەم کەسێکی کۆمەڵایەتی، رەوانبێژ و جێگەی باوەڕ بوو. کەسێک کە خۆی بەڕێوەبەری ئەو کۆبوونەوانەی دەگرتە ئەستۆ کە خۆی رێکی دەخستن. ناوبراو دەیزانی کە تێکۆشانی کوردان مەزنتر لەو دەمەقاڵە ناوخۆییانەی ناو سیاسەتی خۆماڵییە کە زۆربەی کات، کوردەکان بەخۆوە سەرقاڵ دەکات.
لەوەش گرینگتر، ناوبراو نوێنەرایەتی بیرۆکەیەک دەکات کە بنیاتنانی کوردستان دەبێ لە سەر بنەمای شایستەسالاری بێت نەک پێوەندی بنەماڵەیی و خێڵەکی. کەواتە بەشێکی بەرچاو و پۆزێتیڤی لەو تێگەیشتنەی کە لە ئەمریکا بە نیسبەت کوردستان هەیە، ئاکامی هەوڵدانی راستەوخۆ و تاکەکەسی بەرهەم ساڵحە.
کاتێک بەرهەم ساڵح لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەشی یەکێتیی نیشتمانی گەڕایەوە کوردستان، جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، "محەمەد سابیر"ی ئاوەڵزاوا/زاواکەی لە پۆستی نوێنەرایەتی ئەو حیزبە لە واشینگتۆن دانا. سابیر مودیرێکی بە توانا بوو بەڵام کاریزما و کاریگەری بەرهەم ساڵحی نەبوو. زۆرێک لە بەرپرسان و رۆژنامەنووسانی خەمخۆر و دۆستی نزیکی تاڵەبانی، چاوپۆشییان لە سابیر دەکرد و لە جێگەی ئەو، راستەوخۆ ئیمەیل یا تەلەفۆنیان بۆ بەرهەم ساڵح دەکرد. پەیامەکە روون بوو!
کاتێک بنەماڵەکە لە کوردستان هێزیان دەگرت، لە واشینگتۆن رێک پێچەوانەکەی خەریک بوو دەقەوما. بەو حاڵەش، چەند ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ٢٠٠٤، تاڵەبانی، قوبادی کوڕی کە گەنجێکی تەمەن ٢٧ ساڵان بووی کردە نوێنەری کوردستانی عێراق لە واشینگتۆن.
قوباد کاریزماتیک بوو و پەرەپێدان بە پێوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ کوردستان خستە سەروی لیستی کارەکانییەوە. ساڵێک دواتر، قوباد تاڵەبانی بۆ دەستخستنی

پۆستێک لە کابینەدا، گەڕایەوە کوردستان لەحاڵێکدا پۆستەکەی لە واشینگتۆن بە بەتاڵی مایەوە پەیامەکە روون بوو! مەسەلەکە بنەماڵەیی بوو!

ئێستا نزیک بە دە ساڵ لەو رۆژانە تێپەڕ دەبێ. کوردستانی عێراق لە هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە و سەرەڕای ئەوەی کە "مەسعوود بارزانی"، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا، مافی خۆپاڵاوتنی بۆ دوو خولی یەک لە دوایی یەک سنووردار کراوە بەڵام کوردەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ناوبراو بۆ ماوەیەکی درێژتر لەمە لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە.

لەکاتێکدا کە بارزانی پابەندبوونی بە یاسا دووپات دەکاتەوە، هاوحیزبییەکانی دەڵێن کە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی حیساب نییە و کێشەیەکی یاسایی بۆ خۆپاڵاوتنەوەی دووبارەی لە ئارادانییە. لایەنگرانی هەروەها دەڵێن کە لە ئێستادا کەس لە کوردستان نییە کە رەسەنی و رێژەی قەدر و رێزی شان لە شانی مەسعوود بارزانی بدات. دەیانهەوێ وا نیشان بدەن کە ناچارکردنی مەسعوود بارزانی بە  پابەندی بە دەستووری ئێستا، ئیرادەی گەل لاواز دەکات.
ئەوە مشتومڕێکە کە خۆی کوردەکان دەبێ نقاشی لەسەر بکەن و رێچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە بەڵام پێویستە هەر کەس سەبارەت بە ئامادەنەبوونی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە و نقاشیان بکات:

ئەگەر پاش زیاتر لە دوو دەیە ئۆتۆنۆمی، کوردستان نەتوانێ نوێنەرێکی بەهەرمەند و بەتوانا، لە ناو نەوەی تازەپێگەیشتوو و گەنجانی دەرچووی زانکۆ بۆ نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە واشینگتۆن دیاری بکات و ئەگەر لە ناو میلیۆنەها کورد، کەسێکی شایان بۆ سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتە و گەشەپێکردن و بەدامەزراوەیی کردنی لێ هەڵنەکەوتبێ، ئەو پەیامە نەک تەنیا واشینگۆن بەڵکوو هەموو دێمۆکراسییە رۆژئاواییەکان دەبیسن کە کوردستان ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە کە ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ.
ئاکامێکی لەو چەشنە لەوانەیە بەرانبەر بە کوردان کەمێک نادادپەروەرانە بێت بەڵام خزمسالاری و گەندەڵی سیاسی، متمانە و باوەڕی بە کوردستانی، نەک تەنیا لە ناوخۆ بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیش ئێجگار زۆر لاواز کردووە.

باشترین کارێک کە بارزانی دەتوانێ بیکات ئەوەیە کە ناسیۆنالیسمی کوردی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندی بنەماڵەیی دابنێ و ئەگەر دەیهەوێ ئەمریکا قانع بکا کە کوردەکان ئامادەیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەیە و ئەوە بە سوودی ئەمریکایە کە پشتیوانی لە دەوڵەتێکی وەها بکات، باش دەبێ کە یەکەم هەنگاو لە دیاریکردنی کەسایەتییەک، بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندی بنەماڵەیی و سیاسی بۆ نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا دەستپێبکات.

دووهەم هەنگاو دەکرێ ئەوە بێ کە مەسعوود بارزانی رایبگەیەنێ کە ئیزن دەدات هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادوەرانە لە کوردستان بەڕێوەبچێ بۆیە کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە هەولێر نیشانی دەدات کە کوردستان نەک تەنیا بە نەوت بەڵکوو لە ئاستی سەرمایەی مرۆییش دەوڵەمەندە. بارزانی بە رێگەدانی کەسانی نزیک لە خۆشی هەڵبەت، دیسان ئاواتەکانی کورد تووشی زیان دەکات. ئاساییە کە تا ئەو قەناعەتەی کە دەڵێ "کەس ناتوانێ جێگەی بارزانی بگرێتەوە" درێژەی هەبێ، هیچ دەوڵەتێکی بیانی ئامادە نییە مەرج لەسەر کوردستان بکات.

--------------------

"مایکڵ ڕوبن"، لێکۆڵەری "ئەنیستیتۆی ئەمێریکەن ئینتەرپرایز"ە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تەرخان کردووە بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی کار لەسەر ئێران، عێراق، تورکیا و کۆمەڵگای کوردستان دەکات. ناوبراو لە ئەنیستیتۆی ئاماژەپێکراو، بەرپرسی پێکهێنانی زنجیرەیەک کۆنفرانس لە ژێر ناوی "جیابیری و ڕیفۆرم لە وڵاتە عەرەبییەکان"ی بە ئەستۆوە بووە. مایکڵ ڕوبن هەروەها مامۆستای ئاکادێمیەکی سەربازیە لە ئەمریکا و سەرنووسەری "بووڵتەنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین"ی لە ئەستۆیە. ڕوبن، تێزی دۆکتۆڕاکەی سەبارەت بە شکڵگرتنی مێژویی مۆدێرنی ئێران لە زانکۆی یاڵی ئەمریکا نووسی و خەڵاتێکی بە نرخی زانکۆکەی لە ساڵی 1999 پێبەخشرا. ناوبراو ماوەیەکیش لە زانکۆکانی کوردستان وانەی وتۆتەوە و هەر ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکا دا وتار بڵاودەکاتەوە. ڕوبن نووسراوەی بە نرخی سەبارەت بە "مێژووی دەوڵەتانی ناوچەکە"، "شیعەگەری"، "بنەماکانی تێئۆلۆژی فێندەمێنتاڵیسم" و "ستراتێژی"، "دەوڵەتداری"، "گۆڕان و ڕیفۆرم لە دیپلۆماسی دا" نووسیوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچەو شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی : ١٧ی جوولای ٢٠١٥

# لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان ئایین و حیزب

عەلی قەنبەری

ئایینەکان بە گشتی و ئایینە ئیبراهیمییەکان ( یەهوودیەت، مەسیحیەت و ئیسلام) بە تایبەتی لە سەر ئەساسێک دامەزراون کە مەودا بە پەیڕەوان و شوێنکەوتووانیان نادەن کە بە قووڵی لە سەر بنچینە و بناغەیان بیر بکەنەوە و ئەگەر پێویستی کرد بە پێی کات و شوێن (زمان و مکان) ئاڵووگۆڕیان بە سەردا بێنن و یان دەستکارییان بکەن.



لە زۆربەی ئەو وڵات و ژینگانەدا، کە ئەم ئایینانە بوونەتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگا و لە ناخی زۆربەی هەر زۆری مرۆڤەکاندا ڕەگیان داکوتاوە، یەک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان، شوێنکەوتنی ئەوە داوی ئەوەیە کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە لایەن بنەماڵەوە بیری ئایینیان بە سەردا دادەسەپێنن!

هەر لە منداڵییەوە لە ماڵە مەسیحییەکاندا منداڵەکانیان لە تەمەنی ساواییدا دەبەن بۆ کلیسا و بە قەوڵی خۆیان "وسڵی پاکی" دەدەن و بۆ مەسیحیەت سەرییان دەقەوڵێنن! ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە کە ئەو منداڵە یەکساڵانەیە لە کلیسایەک بە "ئاوی پاک" و بە دەستی قەشەیەک دەیشۆن، ئەو منداڵە دەبێتە مەسیحی!

لە لای یەهوودییەکانیش، دڵنیام زۆر سەختتر لە مەسیحییەکان هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانیان بەرەو ئایینداری ڕادەکێشن و کاری زۆری لە سەر دەکەن!

لە ئیسلامیشدا دەبێ باوک و دایک و بنەماڵە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە منداڵەکانیان بە وشە ئایینی گۆش بکەن و ئەرکی سەرشانیانە کە ئەوان فێری نوێژ و ڕۆژوو و دەقەکانی ئیسلامەتی بکەن! ئەم ڕەوتە بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەر درێژەی هەبووە و لە بنەماڵەوە بۆ منداڵ و نەوەکانی دواتر گوازراوەتەوە!

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو یاسا و ڕێسا مرۆییەکان دژ بە داسەپاندنی هەر چەشنە ئایین و بیر و باوەڕێکن کە لە ڕێگای بنەماڵە و کۆمەڵگاوە  بە سەر منداڵی ژێری ١٨ ساڵدا دابسەپێندرێت!

بە هەر حاڵ مەبەست لەو ڕوون کردنەوەیە ئەوە بوو کە بڵێین ئایینەکان نە کات دەناسن و نە شوێن! واتە هیچ کەس بۆی نییە بیر لە گۆڕینیان بکاتەوە و هەر چەشنە بیرکردنەوەیەک لەو کاتەدا دەچێتە خانەی گومان کردن لە بیر و باوەڕ و تاک بە کوفربێژیی و کافر بوون تاوانبار دەکرێت!

لە لای زۆر حیزب و ئایدیای سیاسیش جار و بار دەقی مانیفست و یان ئایدولوژی ئەوەندە قورس و نەگۆڕ دەکرێن، کە کاتێک تاک باس لە گۆڕانیان دەکات، یان ڕخنە لە ئەم و یان ئەو بەندی بەرنامە دەگرێت، ڕێک هەر وەک ئایینەکان، تاک دەکەوێتە خانەی "کافر بوون" و هەزار و یەک ناو ونیتکەی پێدا دەڵێن! هەموو ئەمانەش لە کاتێکدایە کە بە پێچەوانەی ئایین، کە دەیبستنەوە بە متافیزیک و سەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ، حیزب دەستکردی خودی مرۆڤە و کەس لەو بارەوە نکۆڵی لێ ناکات.

کە وایە هەر حیزبێک هەڵگری ئایدیا و هزر و بیرێکە کە دەتوانێت لە شوین و کاتێکی دیاریکراودا بڕشتی هەبوو بێت و لە شوێن و کاتێکی دیکەدا، ئەو هزر و ئایدیایە برەوی نەبێت. بۆیە هەم لە قازانجی خودی حیزب و هەم لە قازانجی کۆمەڵگاشدایە کە بەپێی ڕەوتی چوونە پێشی زەمان و گەشەی کۆمەڵگا، گۆڕان لەو حیزب و یان ئایدیایەدا بکرێت.

بە داخەوە لە ناو هندێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی لای ئێمە ( کوردەواری)دا، حیزب بووەتە ئایین و بەرنامە و ئەساسنامە و ئایدیاش بوونەتە "دەقی پیرۆز" و هەر چەشنە ڕخنەی ڕخنەگران و هەر چەشنە گۆڕانخوازی لەو بوارەدا دەچنە خانەی "لادان" لە "ڕێباز و ئامانج" و تاکی ڕخنەگریش بە "لادەر" و هەڵدێر و تەنانەت خەیانەتکار (هەر هەمان کافر بوون لە لای دینەکان) تۆمەتبار دەکەن! ئا لەو کاتەدا ئیتر هیچ جیاوازییەک لە نێوان حیزب و ئاییندا نامێنیت و حیزبیش دەبێت بە ئایین!

کە حیزبیش ئەوەندە پیرۆز (مقدس) کرا، کە تاک نەوێرێ ڕخنەی لێ بگرێت، ئەوا کۆمەڵگا جارێکیتر بەرەو تاکڕەوی و تووتالیتاریزم دەچێتەوە و کۆمەڵگا لە تاکەکانی دەبێتە بەندیخانەیەکی گەورە! بەندیخانەیەک کە تا بە ئیمڕۆ هیتلەرەکان، ستالینەکان، پەهلەوییەکان، سەدام حوسەینەکان. ئەسەدەکان، خومەینی و خامنەییەکان، ئاتاتورکەکان و ......هتد بۆ ئێمەی مرۆڤیان بە دیاری هێناوە!

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی : ٥ی جوولای ٢٠١٥

---

# شۆڕشی ١٤ی تەمموز، هۆکارو دەرئەنجامەکانی



١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ڕۆژێکی جیاوازو وەرچەرخانێکی مێژووییە لەژیانی سیاسی و شانۆی حوکمڕانی لەعیراقدا، جگە لەوەی کە لەڕووی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانیەوە بەگۆڕینی حوکم لەسیستەمی پادشاییەوە بۆ سیستەمی کۆماری و هاتنەکایەی مۆدێلێکی نوێ لەحوکمڕانی و هێنانەکایەی زەمینەی گۆڕانکاری کە لە ٣٨ ساڵەی حوکمڕانی پادشایەتیدا بوونی نەبووە، لەڕووی دەستووری و فەرهەنگی و ئابووریشەوە وەرچەرخانێکی نوێ بوو لەوڵاتدا، بێگومان وەرچەرخان و گۆڕانکاریش کاتێک ڕوودەدەن کە:

یەکەم: یان ئەو سیستەمەی کە هەیە کەموکوڕی تێدایەو بەتەواوەتی لەریشەوە هەڵدەکێشرێت و گۆڕانکاری بەسەردادێت و ناهێڵدرێت، هەروەک شۆڕشی ١٤ی تەمموزو ڕاپەرینی کوردستان لە ١٩٩١ و پڕۆسەی ئازادی عیراق.

دووەم: یان ئەوەی ئەو سیستەمەی کە هەیە گلەیی و گازندەی لێدەکرێت و هەوڵی گۆڕانکاری دەدرێت، واقعەکەی هەیە دەهێڵدرێتەوە، بەڵام چاکسازی تێدادەکرێت نەک لەریشەوە هەڵتەکێندرێتو نەهێڵدرێت.

ئەگەر کەمێک بۆ مێژووی پێشتری عیراق بگەڕێینەوە دەبینین ئەم وڵاتە بەرهەمی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیو ئینتیدابی بەریتانیایە، لەبنەڕەتدا بەزۆر پێکەوەگرێدانی هەرسێ ویلایەتی موسڵ، بەغداو بەسرەیە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و بۆ حوکمی کەمینەی سوننەو زاڵبوونیان بەسەر زۆرینەی شیعەدا بنیاتنراو کەسێک لەنەوەی هاشمیەکان لەدەرەوەی خاکو نیشتمانەکەیەوە بۆ هاوردەکرا، هەتا پادشایەتی بکات و سیستەمی پادشایەتیش ٣٨ ساڵی خایاند، گەرچی لەم ماوەیەدا بەهۆی کەمی ئاستی ڕۆشنبیری تاکی عیراقی، نەخوێندەواری، ئاستی کۆمەڵایەتیو پابەندێتی تاکی عیراقی بۆ خێڵو عەشیرەت کە هێندەی لەهەستی خێڵو عەشرەتدا بوون هێندە بەلایانەوە گرنگ نەبوو لەئاستی سیاسی چی دەگوزەرێت تارادەیەک وڵات بەئاقاری هێمنیو ئۆقرەییدا گوزەری کرد.

## لەئاستی سیاسیدا

لەهەمان کاتیشدا لەڕووی سیاسی و لەئاستی سیاسیدا وڵات نائۆقرەو نا جێگیرییدا دەگوزەرا، لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٦ یەکەمین کودەتای سەربازی لەج روویدا بەسەرۆکایەتی بەکر سدقی، هەوڵدرا کۆمەڵێک ریفۆرمی سیاسی، کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە، ئەمە زۆری نەخایاند لەئابی ساڵی دواتردا واتە لەئابی ساڵی ١٩٣٧ دا لەلایەن چەند ئەفسەرێکەوە بەکر سدقی کوژرا. دوابەدوای ئەوەش لەساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٤١ زنجیرەیەک کودەتای تر بەرپاکران کە وڵاتیان لەدۆخێکی نائۆقرەی سیاسیدا هێشتەوە. لەساڵی ١٩٤١ لەلایەن رەشید عالی گەیلانیەوە حکومەتی بەرگری نیشتمانی راگەیەندرا، کە پشتگیری لەبزووتنەوەی عەرەبی دەکردو دژی بەریتانی بوو، هەربۆیەش لایەنگرانی بەریتانیا وڵاتیان بەجێهێشتو هەڵاتنو بەریتانیاش لەبەسرەوە لەشکرکێشی کرد، لەئەنجامدا سوپای عیراق خۆی پێڕانەگیراو هەرەسی هێنا، لەئایاری هەمان ساڵدا گەیلانی لەوڵات هەڵاتو لایەنگرانی حکومەتی بەریتانیاش هاتنەوە سەرحوکمو دەست بەکاربوونەوە.

گرفتو تەنگەژە سیاسیەکان لەوڵات بەمە کۆتاییان نەهات، تا کار گەیشتە ئەوەی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەسەر پەرشتی عەبدولکەریم قاسمو لەلایەن رێکخستنی نهێنی بەناوی ئەفسەرانی ئازادیخواز کودەتایەکی سەربازی بەرپاکراو جیاواز لەکودەتاکانی پێشتر رژێمی پادشایەتی بەتەواوی لەعیراق نەهێشتو مۆدێلێکی نوێی لەوڵات هێنایە کایەوە کە مۆدێلی کۆمارییەو قاسم خۆی بووە یەکەم سەرۆک کۆمار لەعیراقدا.

## ئازادی بیروڕاو پێکەوە ژیان

قاسم هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی ئازادی بیروڕاو پێکەوە ژیانی دەکرد. کورد لەسەرەتاوە پێشوازی لەکۆماری نوێی عیراقو حوکمڕانی قاسم کردو بارزانیش گەڕایەوە وڵات، لەهەمان کاتیشدا حزبی شیوعی کە لەگەڵ مستەفا بارزانیو حزبی ئیستقلال پێش کودەتا لەخەباتدا بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵمو زۆری پادشایەتی، پشتیوانی خۆی بۆ قاسم دەربڕی. گەرچی ئەمە زۆری نەخایاند چونکە هەرزوو وڵات بەرەو ناسەقامگیری زیاترچوو، لەبری گەشەی کلتووری، ئابووری، تەندروستی، پەروەردەو بوژاندنەوەی کایەکانی تری ژیان، وڵات بەکۆمەڵێک هەڵچوونی خوێناویدا چوو، بیری عەرەبچێتیو هەوڵی یەکێتی عەرەبی باڵی بەسەر بەشێک لەسیاسیەکانی عیراقدا کێشا، دووبەرەکی کەوتە نێوان سەرکردە سیاسیەکانی عیراق، لەئەیلوولی هەمان ساڵدا عەبدولسەلام عارف کە جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری ناوخۆ بوو دەستگیرکرا. لەمارسی ١٩٥٩ لەموسڵ کۆمەڵێک لەئەفسەران راپەڕینێکیان رێکخست کەچی زوو سەرکوتکرانو ئەنجامی نەبوو، هەر لەم چوارچێوەیەشدا سەدان کەس لەشیوعیەکان و بەعسیەکان بەهۆی ناکۆکیی سیاسیو بیروڕاوە لەناوبران. لەتشرینی یەکەمی ١٩٥٩ دەستەیەک لەبەعسیەکان لەکوشتنی قاسمدا شکستیان خوارد یەک لەوان صدام حسین بوو کە ئەوکات لەسەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بوو بۆ سوریاو دواتر بۆ میسر هەڵات.

لەئەیلولی ١٩٦١دا سوپای عیراق لەشکرکێشی بۆ سەر عیراق ئەنجامدا، سەرکردایەتی بزافی رزگاریخوازی کوردیش دۆخەکەی پێ قبوڵنەکرا، لەراستیشدا زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕش دژی حکومەتی قاسم لەباربوو چونکە خێڵە کوردەکانو سەرۆک خێڵەکان لەشەپۆلێکی نارەزایەتیدا بوون دژ بەو بڕیارانەی حکومەت کە لەچوارچێوەی چاکسازی کشتوکاڵیدا دەریکردنو زەوی بەسەر جوتیاراندا دابەشکردو لەئاغاو دەرەبەگەکانی سەندەوە. سەرکردایەتی کوردیش توانی سوود لەو شەپۆلی نارەزایەتیە وەربگرێتو لەئەیلولی ساڵی ١٩٦١دا شۆڕشێک بەناوی شۆڕشی ئەیلولەوە هەڵبگیرسێنێت. کە لێرەوە ململانێکی کورد لەگەڵ حکومەت دۆخێکی تریان وەرگرت، لەلایەک شۆڕش بووە شۆڕشێکی گشتگیری سەرتاسەری لەکوردستاندا، لەلایەکی ترەوە حکومەت سەرباری هەموو ناکۆکیو ململانێ فکریو سیاسییەکانی چووە ململانێیەکی نوێوە لەگەڵ شۆڕشی کوردیدا کە توانای رووبەڕووبوونەوەی زەحمەت کردبوو.

سەرباری هەموو ئاڵۆزییە سیاسییەکانی عیراق، حزبی بەعس توانی سواری شەپۆلی نارەزاییەکانی شەقامی عەرەبی عیراقی بێت و دەست بخاتە سەرجەم جومگە هەستیارەکانی وڵاتەوەو دەنگی نارەزایی بگەیەنێت بەزانکۆکانو ناوەندەکانی خوێندنو شەقامو شوێنە گشتیەکان تاکار گەیشتە ئەوەی دوای شەڕێکی قورسو خوێناوی قاسم بخەنو عەبدولسەلام عارف بکەن بەسەرۆک کۆمارو لێرەوە یەکەمین حکومەتی بەعسیەکان لەعیراق بەرپابوو کە هێندەی نەبرد بەهۆی جیاوازی بیروڕاوە لەنێوان میانڕەو و توندڕەوەکانەوە کەوتە گێژاوەوە، سەلام توانی بەبەرنامەیەکی تۆکمەوە بەرەنگاری نەیارەکانی بێتەوەو ئەحمەد حەسەن بەکر کە یەکێک بوو لەئەفسەرە ئازادیخوازەکانو بەعسییە کۆنەکانو بۆ ماوەی ١٠ مانگ سەرۆک وەزیران بوو، بکات بەجێگری خۆی.

لەساڵی ١٩٦٨ حزبی بەعس کە بەتەواوی خۆی کۆکردبووەوە بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە لەلایەکو لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی کە عەبدولرەحمان عارف سیاسییەکی بەهێز نەبوو توانیان جارێکی تر کودەتا بەرپابکەنو وڵات بخەنەوە ژێردەستی خۆیان. ئەمجارە ئەحمەد حەسەن بەکر کرا بەسەرۆک کۆمار، لەم ماوەیەدا رژێمی بەعسو حکومەتی عیراق هەوڵیاندا بەتەواوی شۆڕشی کوردی لەباربەرێت، بەڵام نەیتوانی وابکات کورد دەستبەرداری شۆڕشو مافە رەواکانی بێت هەربۆیە لەئازاری ١٩٧٠دا هەوڵی دانوستانیداو رێککەوتنی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش مۆرکرد کە بەبیاننامەی ١١ی ئازار بەناوبانگە، بەپێی بەیاننامەکە حوکمی ئۆتۆنۆمیو کۆمەڵێک مافی تر بۆ کورد دەستنیشان کران کە لەراستیدا هیچی جێبەجێ نەکراو تەنها بۆ ئەوەبوو کە حکومەت خۆی رێکبخاتەوە و جارێکی ترو بەشێوازێکی تر هەوڵی لەناوبردنی کورد بدات.

هەر واش بوو تا لەساڵی ١٩٧٥دا رێکەوتننامەی جەزائیر لەنێوان حکومەتی عیراق و شای ئێراندا مۆرکراو بەپێی رێکەوتنەکە عیراق بەسەرجەم داواکانی ئێران رازی دەبێت بەو مەرجەی ئێران لەپشتیوانی شۆڕشی کوردی دەستهەڵبگرێت. لێرەوە نەک هەر بەیاننامەکە جێبەجێ نەکرا بەڵکو شۆڕشی کوردیش هەرەسیهێناو دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژیان لەکوردستان جۆرێکی تری بەخۆیەوەبینی، حکومەتی عیراق دەستیکرد بەپاکتاوی رەگەزی، راگواستن و بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کوردستان، بەمەش هەوڵی سڕینەوەی دیموگرافیای کوردستان بەکردەوە قۆناغێکی نوێی وەرگرت.

## رووخاندنی رژێمی بەعس

لەساڵی ١٩٧٦ دا دووبارە شۆڕش هەڵگیرسایەوەو تاساڵی ١٩٩١و بەرهەمهاتنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمو دواتر تا ٢٠٠٣ و رووخاندنی رژێمی بەعس بەردەوام بوو. بەرهەمی ئەم شۆڕشەش پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، هەڵبژاردنو دیموکراسین کە بوونە هەوێنێک بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عیراقی نوێ لە ٢٠٠٣ دا.

مەینەتیەکانی گەلانی عیراق هێندە زۆرن لەژماردن نایەن، لەساڵی ١٩٨٠دا حکومەتی عیراق گەلی عیراقی ناچار بەجەنگێکی درێژخایەنی ٨ ساڵە کرد لەگەڵ ئێراندا کە بەهەزاران کەس بێگوناه کوژران و بێ سەروشوێن کران. بەجۆرێک ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو پڕن لەماڵوێرانیو دەردیسەری بۆ گەلانی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی.

## كیمیاباران كردنی ناوچەكانی كوردستان

لەساڵی ١٩٨٨ حکومەتی عیراق رووی سوپاکەی وەرگێرا بەرەو رووی کورد، کەوتە کیمیاباران کردنی ناوچەکانی کوردستان کە بەهەزاران کەسی تێدا شەهیداکران، کەوتە ئەنفالکردنی کوردان کە بەسەدان هەزار رۆڵەی ئەم نیشتمانە تەنها بەتاوانی کوردبوون لەبیابانەکاندا زیندەبەچاڵ کران، تەختکردنی گوندەکانی کوردستان کە هێندەی گوندەکان مزگەوت هەبوون و هەمووی لەگەڵ زەوی تەختکرانو ئەو هەموو پەڕەی قورئانە لەناوچوون. هەروەها حکومەتی عیراق بەبیانووی ئەوەی کە کوێت بەشێکە لەخاکی عیراق پەلاماری ئەو وڵاتەی دا، خۆی لەراستیدا حکومەتی عیراقی لە توانایدا نەبوو قەرزەکانی کوێت بداتەوە کە بەهۆی خەرجیە زۆرەکانی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران کەوتبوە ئەستۆی، بۆیە کەوتە بیانوو پێگرتنیو پەلاماریداو داگیری کرد، دواتر هاوپەیمانان لەجەنگی دووەمی کەنداودا بەسەرپەرشتی ئەمریکا وەدەریان نا، ئەمانە کۆمەڵێک هۆکاربوون بۆئەوەی پەتی ئارامیی هاووڵاتیان بپسێت و لەبەهاری ١٩٩١ راپەڕینی جەماوەری بەرپابێت، کە لەئەنجامدا کۆڕەوی ملیۆنیو دواتر ناوچەی دژەفڕینی لێکەوتەوە. هەموو ئەو مەینەتیانەی کە باسکران دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هاتن، ئەمە لەکاتێکدا ئەو کاتی شۆڕش بەرپاکراو وڵات لەپادشایەتیەوە گۆڕدرا بۆ کۆماری تەواوی پێکهاتەکانی عیراق بەچاوی هیواوە لەشۆڕشیان دەڕوانیو لەپێناوی کۆتایی هێنان بەکێشەو ململانێیو مەینەتیەکان.

ئێستاش دوای ٥٧ ساڵ لەشۆڕشو لەدوای گۆڕینی وڵات لەپادشایەتیەوە بۆ کۆماری، وڵات بەرەوکوێ ملی رێگەی گرتوە؟ خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان، پێکەوەژیانی نەتەوە، ئاینو پێکهاتەکانی لەکوێی سیاسەتی وڵات دایە؟ گەشەی کلتووری، ئابووری، خۆشگوزەرانی، بنیاتنانی کەرتی پیشەسازیو کشتوکاڵ چیان بەسەرهاوتوە؟ ئایا ئێستا وڵات پێویستی بەوەرچەرخاندنێکی تر نیە هەتا دۆخی وڵات بەئاقارێکی تردا بەرێت؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن و کات خۆی وەڵامیان دەداتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ١٥ی جوولای ٢٠١٥

# مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامیزم

ڕێبوار ڕەشید

دەرچوی زانستی سیاسیی لەزانكۆی ستۆكهۆڵم

مەبەستی ئەم وتارە ئەوە نییە كە باس لەخودی ئیسلام خۆی وەكوو ئاینێک بکات. لەسەر ئیسلام قسەوباس بەزۆر زمانی جیاواز كراوە. قورئـانو حەدیسو گێڕانەوەكـان و ئەزموونی بەرفراوانو هەمەلایەنەی ١٤٠٠ ساڵ ناوەڕۆكی ئیسلام دەخەنە بەردەست.



ئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستی باسەكەیە، باسكردنی سەرهەڵدانی مافیای ئیسلامییە كە لەهەر جۆرێک لەمافیـای مێژوو ترسـانكترە، چون بەهۆی وەرگرتنی كەڵكی بەرئـاوەژوو لەدیموكراسییو لەدەسەڵاتی ئاسمانیی دەتوانێت حوكم بكـاتو بەو شێوەیە ببێت بەحومێكی فاشیستیی.

بەدەلیلگەلێک كە دەتوانرێت ئاماژەیان پێ بكرێت، دەتوانرێت پێ دابگیرێت كە ڕیشەی مافیای ئیسلامیی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامیی ئێران لەسـالی ١٩٧٩دا. دیـارە كودەتـای محەمەد زیـائولحەق لە ١٩٧٧/٧/٥ لە ئۆپەراسیۆنێكدا بەنـاوی (Operation Fair Play) دژ بە زولفەقـار عەلـی بۆتـۆو بەهێزبـوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەئەفغانستان پێش هاتنەر سەركاری كۆماری ئسیلامیی ئێران هەروەها شایانی باسن.

زولفەقار عەلی بۆتۆ ئەو سەركردەیەی پاكستان بوو كە لەئازادكردنی زیاندانیانی سیاسیی تـا ڕێككەوتن لەگەڵ هیندوستان و بە خۆماڵیكردنی كەرتی پیشەسازیی و كشتوكاڵ و زیـادكردنی مـافی كرێكـاران و جووتیـاران و زیـادكردنی خوێنـدەواریی و كۆلیژ و زانكۆكـان و گەلێک ڕیفۆرمی دیكەی شایانباس، بەگشتیی بە قـازانجی ژنـان و هەژاران، ڕۆڵی كاریگەریی هەبوو. پاكستان، هەروەكوو بەنگلادیش، كە هەمیشە ناسنامەیەكی ئیسلامیی هەبوو وەكوو لە نەتەوەیی، لە سەردەمی زولفەقار عەلی بۆتۆ دا ڕچەی پێشكەوتن و گەشەی كولتوریی لێدا.

كودەتای محەمەد زیائولحەق دروست بۆ وەستاندن و لێدان لە هەموو ئەو ڕیفۆرم و هەنگـاوە ئاشتیانە بـوو كە پاكستان بە خۆیەوە دەیـدیت. لە سێدارەدانی زولفەقـار عەلی بۆتۆ دوو ساڵێک پاش ئەو كودەتایە، چاوترساندنی هەموو ئەوانە بوو لە پاكستان كە بیریان لە پێشكەوتووخوازیی و گەشەی كولتوریی و ئـابووریی دەكردەوە. (ژنی دووهەمی زولفەقار عەلی بۆتۆ لە بەگزادە كوردەكانی ئەسفەهانە، نوسرەت ئەسفەهانی و خـانم بێنەزیر، منداڵی یەكەمیەتی كە ڕێگای بـاوكی گرتە بەر و خۆی بـاس لە شانازی بەڕەچەڵک كوردبوونی خۆی دەكات و لە ڕێگای خەبـاتی ژانان و ئازادیخوازیشدا گیانی سپارد).

لە هاتنەسەركاری محەمەد زیائولحەق ـەوە پاكستان ڕووەو بە ئیسلامیكردنی زیاتر چووە، نەک هەر لە ڕووی كولتـوریی، بەڵكو لە ڕووی سیاسیی، یاسـایی و سـاختاری سیاسیی و ئینتستیتیوتبوونی سیاسییەوە. لە هاوكاریكردنی مجاهیدەكانی ئەفغانەوە هەتـا تـاڵیبانەكـان. سەرئەنجامی سیاسەتی بە ئیسلامكردنی كۆمەڵگای پاكستان، پاش نزیكەی ٤٠ ساڵ، ئێستا لە هەموو كاتێک ڕۆشنتر و دیـارترە، ئەویش پاكستانێكی دواكەوتووی داڕماوی داخراوی پارەپارەبووی كۆنەپەرستە، بـارمەتەی شەڕی نـاوخۆ و شەڕە دەراوسێ و كوشتەی پاشكەوتوویی و كۆنەپەرستیی دژ بە ژنان و هەر شتێک كە بۆی ئازادیی و ڕزگاریی لێ بێت.

پاكستان یەكێكە لە باشترین نموونەكانی ئیسلامیی سیاسیی، نەک لەبەرئەوەی كودەتای كەسێكی كۆنەپەرستیی دواكەوتووی محەمەد زیائولحەق بەرەو ئەوێندەرێی بردووە، بەڵكو لەبەرئەوەی كە لە ١٩٤٧/٨/١٤ كە سەربەخۆیی لە ئینگلیز وەدەستهێنا، لە سەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامیی بە ناوی "كۆماری ئسیلامیی پاكستان

" دامەزرێنرا. جێی ئەم باسە، نییە، بەڵام دابڕینی بەنگلادیش لە هیندوستان لە سەر بناخەی ئیسلامیبوون لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. تیرۆرکردنی خانم بێنەزیر، خەباتکاری دیموکراسیی و مافی ژنان، لە ٢٠٠٧/١٢/٢٧ دا، هاوشێوەی بە هەزاران لە خانمان و پیاوانی دیکەی ئازادیخوازی پاکستانیی، بەشێکی بچووکن لە تێرۆریزمی ئیسلامیی و مافیای ئیسلامیی.

کەواتە پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی دوو نموونەی وەحشیگەریی لەو شتەدا دەبینین کە پێی دەگوترێت بزووتنەوەی ئیسلامیی. یەکەمیان پاکستانە بە ڕابەرایەتی محەمەد زیائولحەق و دووهەمیان سەرهەڵدانی بزووتنەوەی موجاهیدینی ئەفغانستانە دژ بە حکومەتی کۆمۆنیستیی و نفوزی سۆڤیەتی ئەو دەم، ڕاستەوخۆ پاش ساڵی ١٩٧٨. لە دونیای ئەدەبی سیاسییدا چیرۆکی سەیر سەبارەت بە دەستتێوەردانی سعودیەی عەرەبیی و ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە پاکستان و ئەفغانستان هەن، هەر لە چاپکردنی قورئان بە شێوەی جیاواز و قەبارە و فۆرمی جیاوازەوە، هەتا دابەشکردن و بڵاوکردنەوە و ڕێکخستنی خەڵک و دروستکردنی مزگەوت بە شێوەی بێئەژمار.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئسیلامیی ئێران بە شێوەیەکی تەواو دیکە ساختار و پرینسیی دامەزراوەیی بە مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامیی دەدات. لەبەرئەوەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سێکتاریزمی ئایینی لە دونیای ئیسلامدا دەکرێت بە پرۆگرامێکی سیاسیی. حیزبوڵای ئێرانیی پێش هاتنەسەرکاری لە ئێران، لانی کەم لە لوبنان و میسر، خەریکی ڕاهێنانن و مەشق بووە. سێڵی ڕێکخستنیان لە ئوروپا هەبووە. بۆ تێگەیشتن لەم باسە دەتوانین لە مستەفا چەمران، بڕووانین کە لە سەرەتای ١٩٧٠ کاندا لە لوبنان یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەی "ئەمەل" و لە مەیدانی ڕێکخستندا پێوەندیی بە ئایەتوڵا خومەینییەوە هەبووە. پاشان لە سەرەتای ١٩٨٠ کاندا مستەفا چەمران دەبێت بە جەلادی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە وێرانکردنی سنە و مەریوان و مەهاباد و سەقز و شوێنەکانی دیکەوە هەتا تیرۆرکردنی کەسایەتی پایەبڵندی شۆڕشگێڕی کورد، فوئاد مستەفا سوڵتانیی، و دابڕینی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە خەڵکەکەی.

## دونیای ئیسلام

زەمانێک سعودیەی عەرەبیی ناوەندی دونیای ئیسلام بوو. ڕاست یان نا، ئەمە ئەو شتە بوو کە لە خەڵکی دونیا کرابوو بە ڕاستییەک. بەڵام لە مێژووی مۆدێرندا، لانی کەم لە سەدەی ڕابردووەوە (لە ڕاستییدا لە کۆتایی سەدەی ١٩ هەمەوە)، هەر لە ئیخوان ئەلموسلیمون ـەوە هەتا داعش ـی ئەوڕۆ شێوەی ڕەفتارفاشیست و فاشیت، سەرباری هەموو کۆنەپەرستیی و دواکەوتوویییەک، لە بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئیسلامیی سیاسییدا دەبینرێت.

ئیسلام وەکوو ئایین، دروست پاش هەڵبژاردنی عومەر کوڕی خەتاب بە خەلیفەی ئەو دەمی موسڵمانانی عەرەب (چون لە ناو عەرەبدا هێشتا ئایینەکانی دیکە بە تەواوی لەناو نەبردرابوون)، ئایینی کۆنەپەرستیی و دواکەوتوویی و شەڕ و پشێویی بووە. شەڕی ناوخۆی عەرەبە موسڵمانەکان لە سەر خەلیفایەتی، لە کوشتنی عوسمان کوڕی عەفان، هەتا شەڕی بەناوبانگی "جەنگی وشتر" کە بە پێی ئەو گێڕانەوانەی لە ئیسلام خۆیدا باوەڕپێکراون زیاتر لە ١٧ هەزار عەرەبی موسڵمانی تیادا کوژراوە، تا شەڕی عەرەبە موسڵمانەکان لە دەرەوەی خاکی عەرەبدا، واتە لە ئێراق و شام، تا بە ئەوڕۆ دەگات، بریتییە لە شەڕی دەسەڵات و لە هێشتنەوەی باڵادەستیی کۆنەپەرستیی، گاه لە نێوان شیعە و سوننەدا کە وەکوو دوو ئایین نەک دوو مەزهەب هەن، و گاه لە نێوان شێوەکانی مەزهەبی ئیسلامدا و گاه لە نێوان هەموو جۆرەکانی ئسیلام کە عادەتەن لە سەر حوکم بوون و لە ئایینە ڕەسەنەکانی دیکەیان داوە.

## ئیسلام ئاینێکی هۆمۆژێن یان هێترۆژێن؟

دەگوترێت و پێ دادەگیرێت کە ئیسلام هەر یەک ئایینە و یەک سەرچاوەیە. ئەمە پێداگرتنێکی نازانستییە. ئیسلام لە پاش مردنی عومەر کوڕی خەتاب ـەوە بووە بە دووان، لایەنگرانی تەریقەتی خوێنیی و تەریقەتی وەفاداریی، کە لە ئەدەبی ئسیلامییدا وەکوو "شیعە" و "سوننە" چەسپاوە هەر لەو دەمەوە هەن، بەڵام پاش داگیرکردنەکانی نەتەوەگەلی دیکەی غەیرە عەرەب لەلایەن عەرەبی موسڵمانەوە، بە سەدان شێوە لە جۆری ئیسلام پەیدا بوون. ئیسلام لە هەر وڵاتێکی ئیسلامیی تەنانەت لەوانەشدا کە تەواو سوننەن یان شیعەن شێوەی تایبەتیی هەیە.

لە ئەوڕۆدا مرۆڤ دەتوانێت پێ دابگرێت کە نزیکەی هێندەی ژمارەی موسلمانان شێوەی ئیسلام هەیە. نزیکەی هەر تاکێکی موسڵمان بە شێوەی خۆی و جیاواز لەوانی

دیکە قورئان و حەدیس و گێڕانەوەی دیکەی ئسیلامیی لێک دەداتەوە. لێکدانەوەکان گرێدراو بە ڕێبازی "شیعە" و "سوننە" نیین، بەڵکو گرێدراو بە تێگەیشتنی کەسیین. خەسڵەتی نزیکەی هەموو دەوڵەتانی ئیسلامیی بە هەرێمی کوردستانی ئێراقەوە کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بەڕێوە دەبردرێت دیکتاتۆریی، خزموخزمچیەتیی، تاڵانکاریی، ساختەچیەتیی سیاسیی و گەندەڵیی، هەروەها بێرەووشتیی و بێئەدەبیی سیاسیی و بێویژدانیی حوکم دەکات. بزووتنەوە ئسیلامیەکانی وەکوو ئیخوان موسلیمون، حیزبولتەحریر، جۆرەکانی حیزبولا، موجاهیدینەکان، سەلەفیەکان، وەهابیەکان، ئەلقاعیدە، تالیبانەکان، ئەنساروئیسلام، جەبهەتولنوسرا، داعش و بۆکۆحەرام و دەیانی دیکە، هەر هەموویان لەوپەڕی وەحشیگەریی سیاسیی و ڕەووشتییدا هەن.

نەک هەموو یەکێک لەمانە، بەڵکو هەر تاکە کەسێکی ئەمانە ئەوی دیکەیان ڕەت دەکاتەوە و بە "نائیسلام" و "ناموسڵمان" یەکتر ناوزەند دەکەن. ناوزەندکردن و لەقەڵەمدانی یەکتر بە "نائیسلام" و "ناموسڵمان" بە مانای ئەو هێترۆژێنیەیە/ لێکنەچوونەیە کە لە خودی ئیسلام دا هەیە. ئیسلام خۆی سەرچاوەی جیاوازییە.

## موسڵمان؟

لە ناو کورداندا، دیارە ئەوەیش ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانییبوون و زەردەشتییبوونی کورد، موسڵمان کەسێک بوو کە لە دڵی خۆیدا باوەڕی بە خودایەک بوو. عەرەبە موسڵمانەکان لە ڕێگای داگیرکردن و کوشتن و بڕینەوە کوردستانیان بە موسڵمان کرد، بەڵام لە پرۆسەیەکی مێژوویدا کوردستان و خەڵکەکەی ئیسلامیان بە کوردستانیی کردووە. ئەو ئیسلامەی لە کوردستان هەبوو (هەروەکوو شوێنەکانی دیکە) تەواو جیاواز بووە لە شێوەکانی دیکەی ئیسلام. موسڵمانانی کورد بە خۆر و بە مانگ و بە نان و بە ئاور و بە نمەک و بە سرووشت سوێندیان خواردووە. ناوی خودایان بە "خودا" بردووە، نەک بە "ئەڵا/ الله"، و هتاد.

موسڵمانی ئەورۆ لە کوردستان خودئاگا یان ناخودئاگا خراوەتە ناو بۆتەیەکی سیاسیی، واتە کراوە بە ئیسلامێکی سیاسیی و لە خزمەتی ماشێنێکی گەورەی سیاسییدایە، نەک لە خزمەت خودایەکدا.

## ئیسلامیی ڕاستەقینە؟

ئەورۆ ئیسلامی ڕاستەقینە ئەو تاکەکەسە نییە کە لە نێوان خودی خۆی و خوداکەیدا، بێ دەستتێوەردانی کەسانی دیکە و سیاسەت و ڕێکخستن، پێوەندییەکی عیرفانی دروست دەکات. بەڵکو کەسێکە کە ڕێکخراوە و کە لە بازنەیەکی تایبەتیی سیاسیی دیاریکراودا کە بەرژەوەندیی دیاریکراوی هەیە، بووە بە پێچ و مۆرێکی خزمەتگوزار، واتە بریتییە لە سەربازی باڵادەستیەکی سیاسیی دیاریکراو. لەو پێوەندیەدا خودایەک هەبوونی نییە.

## موسڵمان کێیە؟

تێگەیشتنێکی وەحشیگەرانەی بێوێنە سەبارەت بە پێناسەی "موسڵمان" داکوتراوە. "موسڵمان" ئەو تاکەکەسە نییە کە لە سەروو تەمەنی نەوجەوانی بێت (واتە ١٨ ساڵ سەرووتر) و بە دڵخوازی خۆی و بە تێگەیشتنی دروست لە "ئیسلام" و بە ئاشکرا و شانازییەوە خۆی بە موسڵمان دابنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە ئیسلامدا هەر کەسێک، هەر لەو ڕۆژەوە لە دایک دەبێت، لە باوکودایکێکی موسڵمان لە دایک بووبێت موسڵمانە. لە ئیسلامدا هەروەها پێچەوانەی "موسڵمان" بریتی نییە لە "ناموسڵمان"، بەڵکو بریتییە لە "کافر" واتە ئەو مرۆڤەی ئیسلامی وەکوو دوا ئایین و باڵاترین ئایین قبوڵ نییە.

لە هەموو ئایینەکاندا بە ئاسمانیی و نائاسمانییەوە، هەوڵ دەدرێت لە فەزای دوور لە فشاردا مرۆڤ باوەڕ بە ڕێبازیک بهێنن و مرۆڤەکان دەتوانن ئەو ڕێبازە بەجێبهێڵن. ئیسلام تاکە ئاینێکە کە بەزۆری زۆرداریی و لە ڕێگای هەڕەشە و کوشتن و بڕینەوە مرۆڤ بە موسڵمان دەکات. ئیسلام تەنها ئاینێکە کە وەدووت دەکەوێت و راوت دەنێت و هەڕەشەت لێ دەکات کە حەتمەن هەر دەبێت ببیت بە "موسڵمان". تەنانەت کاتێک مرۆڤ لە سەر بە ناموسڵمان نەبوونی بە دەستی موسڵمان دەکوژرێت، ئەوا وەکوو خێر دەبینرێت کە بەر هەرحاڵ لەو رووەوە خێرە کە "کافرێک" کەم بووەتەوە. بکەر بە بەهەشت شاد دەبێت و قوربانییش بە دۆزەخ سزا دەدرێت.

هەر لەبەرئەوە هیچ کەسێک ناتوانێت بزانێت لە راستیید اژمارەی موسڵمانان لە ناو وڵاتانی ئسیلامیی چەندن. لیستی جیواز لە سەر دەوڵەتانی ئیسلامیی هەن کە لە ٤٧ دەوڵەتی ئیسلامیی سوونە و شیعەی جیاواز و ڕێبازگەلی جیاوازی سوننە و شیعە هەن، بەڵام کەس نازانێت کە لە راستییدا ژمارە ئەوانەی سکۆلارن، واتە ئایین ئازادن/ سەربە ئایینێک نیین، چەندە، ژمارەی ئەوانەی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیی جیاوازی وەکوو کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم و لیبرالیزم و فێمێنیزمدا باوەڕیان بە خودا و بە ئایینێک نییە. هەروەها ژمارەی ئەوانە نازانرێت کە باوەڕیان بە ئایینگەلی ئاسمانیی و غەیرەئاسمانیی نییە یاخود هەر مرۆڤێکن و باکیان بە هەبوونی ئەڵایەک یان ئاینێک نییە.

مۆرلێدان لە هەموو ئەو دەوڵەتانە بە "دەوڵەتانی ئیسلامیی" و بە "کۆمەڵگای ئیسلامیی" کردارێکی مافیایی و فاشیستیی سیاسییە کە فەرمانڕەوایانی ئیسلامیی سازیان کردووە. لەم مەسخەرەبازاڕیەی ئیسلامیی سیاسییدا نەبێت لە هیچ شوێنێکی دونیا قابیلی قبوڵ نییە شت ئاوا وەحشیگەرانە گشتگیر بکرێت، بۆ نموونە بگوترێت هەموو دونیا هەر پیاوە، هەر ژنە، هەر ڕاستە، هەر چەپە، هەر کریستیانە، هەر جووە، و هتاد.

## مافیای ئیسلامیی

نەخوێنەراترین و بێسەوادترین لەوانەی پێیان دەگوترێت "زانایانی ئایینی" لە ئیسلام و شێوەکانییدا هەن. لە زۆرینەی ئایینەکاندا، بۆ نموونە ئاسمانیەکان وەکوو یەهودیی و کریستیانیزم، و هەروەها شێوە نائاسمانییەکان/ زەمینیەکان وەکوو کۆنفیشیوانیزم، یانیزم، بودیزم و ئەوانی دیکە، ناوەندگیرییەک هەیە کە تاکەکەسێک بۆی نییە هەر لە خۆوە بدوێت. بە گشتیی مێژوویەکی روون و دیار هەیە، ماف و ئەرکەکان دیارن و لە هەموو وڵاتانی دیموکراسییشدا ئایین لە دەوڵەت جیا کراوەتەوە.

لە وڵاتانی ئیسلامیی ئیسلام خۆی حاکمە و بێسەوداترین و نەخوێنەوارترین لە تاکەکەسەکان بوون بە پێشنوێژ و مەلا و وتەبێژیی ئیسلامیی.ئەمە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە بە ڕێباز.

سەردەمانێک لە وڵاتانی وەکوو کوردستان (زۆر وڵاتی ئەفەریقاییش وابوون) ئەو مرۆڤانە دەبوون بە پێنوێژ و مەلا کە جۆرێک لە کەنەفتیی یان کەمئەندامیان هەبوو، بەتایبەتیی نابینایی. لە کوردستان و ئەو وڵاتانە، بەتایبەتیی بە حوکمی داگیرکراویی و چەوسانەوە، ئەو مرۆڤانەی کەنەفت یان کەمئەندامن بە هەند ناگیرێن و بە شێوەی جیاواز دەچەوسێنرێنەوە. لە کوردستان ئەوانەی نابینا بوون جگە لە لەبەرکردنی قورئان و هەندێک حەدیس کارێکی دیکەیان پێ نەدەکرا، هەر لەبەرئەوە زۆرێک لە پێشنوێژان و مەلا و مامۆستایانی ئیسلامیی ئەوانە بوون کە بە شێوەیەک کەمئەندام بوون. لە کوردستان هەروەها مووچە و پارەوەرگرتن نەبوو، بەڵکو ئەو کەسانەی لە ڕێگای سەرفترە و زەکات و خێری رۆژانەوە بەڕێوە دەچوون. زۆرێک لەوانە تەنانەت هاوسەرگیریشیان پێ نەدەکردرا، یاخود هاوسەرگیریەکەیان لەگەڵ ئەوانەدا بوون کە لە کوردەوارییدا پێی دەگوترێت هاوشان، واتە وەکوو ئەوان بە شێوەیەک کەمئەندام بوون.

پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران ساختاری سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلام دەگۆڕدرێت. ئیسلامبوون دەکرێت بە مەرجی هاووڵاتیبوون. واتە بێ ئەوەی ڕا بگەیەندرێت چەمکی هاووڵاتیبوون دەگۆڕدرێت، هاووڵاتیی ئیدی ئەو تاکەکەسەیە کە موسڵمانە و کە وەفادار بە شەریعەتی ئسیلامیی و بە حکومەتی ئیسلامییە و کە شەهیدی ئەو ڕێبازەیە.

**هەر کەسێک دەکەوێتە دەرەوەی ئەو پێناسەیە ئەوە تاکەکەسێکی کافر و دوژمنی شەریعەت و حکومەتە.**

بەڵام کامە موسڵمان و کامە ئیسلام؟ وەڵام نییە. بە هیچ شێوەیەک باس لەو شەڕە گەورە پڕ کشتوبڕینە نییە کە لە ناو جیهانی ئیسلامدا ڕوووبەیەک روو دەدات. ئیسلامیی سوننە و ئیسلامی شیعە بە ملوێن جۆر لە ڕێبازی جودا لە پرۆسەی بە "موسڵمانکردن" ی هاووڵاتیاندا بۆ بەهێزکردنی حکومەتگەلێکی/ دەسەلاتگەلێکی مافیای فاشیست لە کاردان.

ژمارەی مزگەوتەکان لە باشووری کوردستان، پاش ٢٣ ساڵ لە حوکم، زیاتر لە ٥٣٠٠ مزگەوتە. ژمارەی مەلاکان نزیکەی دوو بەرابەرە، ژمارەی بەرێوەبەرانی ئەو

ڕێکخستنە بە دەیان هەزارن. لە هەبوونێکی ئاسایی دیموکراتیی سسیاسییدا لە سەدا نەوەدی ئەو دەیان هەزار کەسە لە کەرتی جیاوازدا دەبا کاریان بکردایە یان بۆ نموونە بێکار و بێپیشە بوون.

ئێستا بە هۆی ڕێکخستنی ئیسلامییەوە ئەوانە هەموو مووچەبگیرن. بەڵام هەر مووچەبگیر نیین، بەڵکو خاوەنی ئیمتیازی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریشن. لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە ئیمتیازی دەسەڵاتی سیاسییان هەیە، واتە دەتوانن بە پشووی خۆیان بڕیار لە شێوەی فتوا و خوتبەدا بدەن. بەڵام هەروەها لە سەروو هەموو ئەم دەسەڵاتە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و یاساییەشەوە، خاوەنی دەسەڵاتی خودان. لەم ساختارەدا خودا لە ئاسمان یان لە بۆشاییدا نییە، بەڵکو لە سەنگەری ئەماندایە، لە ماڵ و لە باخەڵی ئەماندایە. ئەمان خۆیان بوون بە خودا و بە ناوی ئەوەوە دەدوێن. لە ئاخفتنەکانیاندا فێر کراون دراما بنوێنن، دەگرین، دەنگیان بڵند دەکەن، پێ دەکەنن، گاڵتەجاریی دەکەن، دەنگیان دەگۆڕن، بە تەوسەوە دەدوێن و هتاد. واتە لە نمایشنامەیەکی تەواو تیاتەرگەرییدا دەئاخفێن. هی وایان هەیە لە پڕ دەداتە کوڵپی گریان، پاشان دەست و لاق و ڕووخساری خۆی بە شێوەی پێویست دەبزوێنێت و دەگۆڕێت. ئەم ڕێکخستنە مافیاییە یەکتر تەواو دەکات، لەبەرئەوە هاوپشت و هاوسەنگەری یەکترن، چون دەزانن تەنها یەک کاردانەوەی دۆمینۆیی (کاتێک یەکەمیان بکەوێت ئەوانی دیکەیش بە دوایدا دادەرمێن) بە تەواوی عەرشی حوکمیان تێک دەدات.

مرۆڤێک لە باشووری کوردستان لە ڕاستییدا پێویستی بەوە نییە بخوێنێت و کار بکات و ڕەنج بدات، ئەوە بەسە کە هەندێک سورەت و ئایەتی قورئان و حەدیس و گێڕانەوەی ئیسلامیی لەبەر بکات و بەو شێوەیە ببێت بە مەلا یان پێشنوێژ یان مۆری "زانای ئایینیی" لە خۆی بدات. ئەو تاکەکەسە، لەوپەری بێسەوادیی و نەخوێنەواریی و بێویژدانیی و بێئەدەبیی خۆیدا، مووچە وەردەگرێت و دەبێت بە خاوەنی ئیمتیازی جودا. ئەو تاکەکەسە دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی قورئان و حەدیس دژ بە ژنان و جەوانان و پێشکەوتووخوازان و ئازادیخوازن لێک بداتەوە، هەڕەشەی کوشتن و بڕینیان لێ بکات، و خودا بهێنێتە سەنگەری خۆیەوە و بە تێڵای خودا هەڕەشەی لەو دونیا سووتاندن و برژاندنی هەتاهەتایی لە خەڵک بکات.

ئەوی مزگەوتێک دادەمەزرێنێت پێویست ناکات باج بدات. ئەوە چ جۆرە ئەقڵ و مێشک و مرۆڤگەلێکن لە پشت ئەو بڕیارەوە، پرسیارێکی زۆر گرینگە. ئەمە بەو واتایە دێت کە بە پارەی ئێمەمانانی هاووڵاتیی لە راستییدا پێشنوێژان و مەلاکان بەخێو دەکرێن، جلوبەرگیان لەبەر دەکرێت و خۆراک و بژێویان بۆ دابین دەکرێت، و هەروەها تەنانەت ئەرکی چوون بۆ بەهەشتیشیان بۆ جێبەجێ دەکرێت.

پێشنوێژ و مەلاکان لە کوردستان لە سەر حیسابی پارە و خوێنی هاووڵاتیان دەچنە بە هەشت. حکومەت و هاوڵاتییان ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکەن تا خەریکی ئەڵاپەرستیی بن و بچنە بەهەشت. هاووڵاتیانی لە باشووری کوردستان کۆیلەی ئەو سیستەمەن.

پرسیاری "ئایا جێی خۆی نییە تاکەکەسێکی ئایینی لە سەر حیسابی گیرفانی خۆی و کات و کاری خۆی ڕێگای چوون بۆ بەهەشت بۆ خۆی مستوەگر بکات؟" بێ وەڵامە و وەڵام نادرێتەوە، چون مافیای ئیسلامیی نەک هەر ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە بەڵکو پرسیارەکە و پرسیارکاریش بە دوژمنی خۆی دادەنێت. موسڵمانی سیاسیی دووبارە خودا دادەگرێت و دەیخاتە سەنگەری خۆیەوە و بە هەڕەشەوە دەڵێت: ئەمانە دوژمنی خودا و دینن.

### تاکەکەسی غەیرەموسڵمان، بێ چەک و بێ پارێزەیە. دەسەڵات پشتگیریی لێ ناکات. دەسەڵات خۆی ئیسلامی سیاسییە.

ئەم جۆرە ئیسلامە کە لە دەرەوەی بازنەی قبوڵکردنی ئازادیی و پێشکەوتووخوازیی و سەربەخۆییخوازیین هەروەها هەیمەنەی/ هەژمۆنی داگیرکەریی تورک و عەرەب و فارس لە کوردستان بەهێز دەکەن و دەیهێڵنەوە. ئەگەر لایەنێکی خەباتی ئازدیخوازیی خەڵکی کوردستان، بە دروستیی و خۆشحاڵییەوە، پشتگیریردن بێت لە مافی بەرابەریی بۆ ژنان، بۆ ژینگە و سرووشت، بۆ شێوەکانی ئازادیی و سەربەخۆیی لە هەبووندا، ئەوا هەژمۆنی داگیرکەریی پێش هەر شتێک ئەو لاق و کۆڵەکانە دەبڕێتەوە کە ئەوانەی لە سەر بەندە. ئامانج هیشتنەوەی کۆمەڵگای کوردستانە بە دواکەوتوویی و لە داوی کۆنەپەرستیی و داگیرکراوەییدا.

کاتێک دوعا بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە بە بلۆک و وردەبەرد سەری پان دەکرێتەوە و جەوانانی بێ ئاگا لە سیاسەت و لە پێشکەوتووخوازیی بە مۆبیل وێنەی دەگرن و لێی دەڕووانن تا ئەوەی لە سلێمانی، دووبارە بە بەرچاوی دەسەڵاتەوە، لە شاری شاعیرانی ژنپەرست و ئازادیخوازدا، لە شارێک کە مێژووی شاهیدی قوربانییدان و خۆبەختکردنە، فیت و هوها بۆ خانمێک لێدەدرێت و دەکێشرێت، گەورەترین سەرکەوتنی مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامییە. سبەی و دووسبەی هەمان ئەو دەستدرێژیانەی لە ئێران دەکرێنە سەر ژنانی ئێرانی، لە کوردستانیش دەبینرێت. شایەد سلێمانی بکردرێت بە نموونەی دەرس دادان. ژنانی کوردستان نابێت ڕوو لە ژنانی کۆبانێ، لە ژنانی سەربەرز و شانازی ڕۆژئاوا و باکوور بکەن، بەڵکو دەبێت کۆیلەی پیاوانی کۆنەپەرست و ماشێنی بێ مقابیلی سێکس و فەوتاوی خشڵوزێڕ و زیو بن. لە جیاتی بوونەوەرێکی سەربەخۆ و ئازاد، دروست دەبێت پەراسووە بێ کردارەکەی پیاو بن.

هەولێر، پایتەختی حوکمڕانیی کوردیی، شارێکە کەڕ و کوێرکراو. بە ٢٣ ساڵ لە حکومەتی کۆنەپەرست و تاڵانکار و ساختەچی سیاسیی و گەندەڵ کە بە شانازییەوە دەستوور لە سەر شەریعەت دادەمەزرێنێت، هەولێر ناتوانیت بۆ هیچ شتێک بزوێت. مافیای ئیسلامیی وا ڕەگی داکوتیوە کە ئەسڵەن قسەکردن لە سەر ئەوی غەیرە ئیسلامییە، کفرە.

ئەوە سەرئەنجامی ڕێگادانە بە سیاسەتی مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامیی کە ئێران و تورکیا و ئێراق لە کوردستان پیادەیان کردووە و دەیکەن.

## چارەسەر؟

چارەسەر لە دەرەوەی سیستەمێکی دیموکراسییدا مەحاڵە. سیستەمی دیموکراسیی کەسێکی هیچ لە دەستنەهاتووی زێدەنەخۆشی پەککەوتە نییە کە لە سەر تەختی مەرگ ڕاکشابێت و چاوەڕێی مەرگ بکات. دیموکراسیی پێشمەرجی خۆی هەیە کە گەورەترینیان جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت و تووڕدانی شەریعەتە بۆ دەرەوەی حوکم و یاسا. دیموکراسیی پێشمەرجی لە سەر پرینسیپی ڕێکخستن هەیە. ساختاری ڕێکخستن دەبێت چۆن بێت، چۆن خۆی بژیەنێت و چۆن ملکەچ بە یاسا بێت و چۆن خۆی بەڕێوە ببات بەشی گرینگن لە پێشمەرجی دیموکراسیی. مەلاکان و پێشنوێژان کێن، دەبێت کێ بن و دەبێت کام وانانە بخوێنن و لە کام پلەی دانیشگاکان دەر بچن و ئەرکەکانیان کامانەن، هەروەها بەشێکن لە پێشمەرجی دیموکراسیی. هەروەهاش ژمارەی مزگەوتەکان دەبێت چەند بن، چۆن خۆیان بەڕێوە ببەن و چۆن ملکەچی یاسا و ڕێسا بن. سعودیە و تورکیا و ئێران و ئێراق بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان بووکەباغە و بووکەشووشەی ئیسلامیی لە کوردستان دروست بکەن، پرسیارێکی تەواو ئازادیخوازانە و دیموکراتیکە و دەبێت بکردرێت.

لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە لە سیستەمی دیموکراسییدا هاووڵاتیان خەرجی چوون بۆ بەهەشتی مەلا و ئاخوندە و پێشنوێژەکان نادەن. ئەوانەی دەیانەوێت بگەنە ئەو بەهەشتەی باسی دەکەن دەبێت لە سەر حیسابی کاری ئایینی دڵخوازانەی خۆیان پێی بگەن، لە دەرەوەی کاری بژێویاندا. ئەوانە دەبێت بە کاتی ژیانی خۆیان ئەلاپەرستیی بکەن.

دەسەڵاتدارانی حوکم، ئەوانە نەبێت کە پێچەوانەکەیان نیشان داوە، لە ئەورۆی هەرێمی کوردستاندا بەرپرسیارن لە سەرهەڵدان و ژیاندن و بەخێوکردنی مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامییدا. بێ فەراهەمکردنی زەمینەی یاسایی و مافی هەبوون کە عادەتەن لە ناو دەسەڵاتی سیاسییدا ئەنجام دەدرێت، مەحاڵە مافیای ئیسلامیی و فاشیزمی ئیسلامیی بتوانن هەڵ بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ١٨ی جوولای ٢٠١٥

# هەرێمی کوردستان لە ستراتیژیی داهاتووی ئەمریکادا

**هیوا مەجید**

ماوەیەکە ئێدارەی ئەمریکی، سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناڤین خەریکی گەنگەشەکردنی مژارێکی گرنگە. ئەگەرچی ئەم مژارە کۆنە و بۆ سالانی ١٩٨٠کان دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکا بێرنارد لویسی رۆژهەلاتناسی راسپارد بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی رۆژهەلاتی ناڤین.



لێکۆڵینەوەکەی لویس بە ناوی (نەخشەی رۆژهەلاتی ناڤینی نویٚ) لەلایەن پێنتاگۆنەوە پەسند کرا کە بریتی بوو لە دابەشکردنی کۆمەڵێک ولاتی رۆژهەلاتی ناڤین بۆ سەر چەند دەوڵەتی بچووک و کانتۆنگەلێک. ئەم جۆرە پرۆژانە تا هەنوکەش بە دەستکارییەوە دەخرێتە بەردەم ئیدارەی ئەمەریکا. زۆربەی پرۆژەکانیش بە سپۆنسەریی خودی ئیدارەی ئەمەریکا بووە. واتە بەشێک بووە لە سیاسەتی فەرمی ئەو ولاتە. خالی سەرنجراکێش ئەوەیە لە زۆربەی پرۆژەکاندا پێنتاگۆن بەشداریکەری سەرەکییە.

بەهاری عەرەبی بووە بە جۆرە هێزەکی نویٚ بۆ ئیدارەی ئەمەریکا کە سیاسەتی دابەشکردنی رۆژهەلاتی ناڤین بە جیددیتر وەربگیرێت. بەهاری عەرەبیی بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، سەقامگیریی و دیموکراسیی بێنێتە بوون، بووە هۆی سەرهەڵدانی ناسەقامگیریی قووڵی ئایینی و ئەتنیکی و سەرهەڵدانی داواکاریی نویٚ لەلایەن گرووپگەلی جۆراوجۆر بۆ بەشداریکردنی راستەقینە لە پرۆسەیی سیاسیدا و گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانی لەسەر قەڵەمڕەوی خۆیان لەلایەن خەڵکی ناوچەکانی خۆیانەوە. ئەمەش هەم داواکاریی نویٚ دەخاتە ڕوو و هەمیش هێمای شکستی سیاسەتی پێشووی ئەم ولاتانە بووە. لە گشتیان گرنگتر ئەو راستیەی خستە ڕوو کە سنوورە جوگرافیاییەکانی بەرکار چیتر ناتوانن ئەو فرەئایینی و ئەتنیکییە لەخۆ بگرێت و نە تەنیا هەڕیسە لە گرووپە تازە سەرهەڵداوە جۆراوجۆرەکان بکات، بەڵکو تریشکەکانی ناسەقامگیریی بگوازرێتەوە بۆ هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە.

ئەوەی لێرە جێی سەرنجە هەڵوێستی ئەمەریکایە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان. لە دوو مانگی رابردوودا لە گفتوگۆکانی سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناڤین، کورد لە هەرێمی کوردستان بەشداریی سەرەکی ئەو گفتگۆیانە بووە لە هەرسیٚ ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمایەتیی و ناوخۆیی. سا بە ئامادەبوونی فیزیکی وەک لایەنێکی گفتگۆکان، یاخۆ لە گفتوگۆی نێوان خودی ئەندامانی حکوومەتی ئەمەریکا بە گشت لق و پۆپەکانییەوە. سەفەرکردنی شاندی هەرێم بۆ ئەمەریکا و (ئەورووپا)، گفتوگۆ سەبارەت بە چۆنیەتی ناردنی چەک و گفتوگۆی نێوان کۆنگرێس و بەرگریی سەبارەت بە داهاتووی عێراق، گشتیان گەواهیدەری ئەو راستییەن. وەها بەرچاو دەکەوێت کە سەبارەت بە دۆسیێی عێراق وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا، رۆڵیٚ وەزارەتی دەرەوە دەگێڕێت. کەواتە پرسەکە تەواو تەناهییە و پێوەستە بە چۆنیەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

لە یاسای ناردنی چەک لە کۆنگرێس، خاڵی جیاوازی ناردنی چەک یان نەناردنی چەک بۆ هەرێمی کوردستان نەبوو، بەڵکو چۆنیەتی ناردنی چەک بوو. بە واتەیەکیتر ناتوانرێت داشی کورد پشتگویٚ بخرێت یاخۆ بە نهێنی گفتوگۆ لەسەر دۆسیێی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت. دواتر لە گفتۆگۆی نێوان ئەندامانی کۆنگرێس و پێنتاگۆن، ئەمە بە راشکاوی دەرکەوت کە چیتر ئەمەریکا لە توانایدا نییە، عێراقێکی یەکپارچەو دیموکرات بێنێتە ئاراوە. بەرپرسانی ئەمەریکا جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە خودی عێراقییەکان کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و هێزی سەربازی ئەمەریکا ناتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات. ئاشکرایشە بەهۆی فاکتەرە مێژوویی و هەرێمییەکان هێزە عێراقییەکان لە توانایاندا نییە کێشەکان چارەسەر بکەن. کەواتە لەمەودوا، ئەمەریکا لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکان مامەڵە دەکات نەک لەسەر پلان و ستراتیژیی پێشوەختە. ئەمەش چەندین جار لە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا بەرچاو دەکەوێت. هەر لە لێدوانەکەی ئۆباماوە بگرە لە کاتی هێرشکردنی داعش بۆ هەرێمی کوردستان تا لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم و لێدوانی ئەم دواییەی وەزیریی بەرگریی ئەمەریکا، گشتیان ئەوە دەخەنە ڕوو کە یارییکەرە ناوخۆییەکان ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەمبەر عێراق رەنگرێژ دەکەن نەک ئەوەی کە ئەمەریکا ئەو ئەکتەرانە ئاراستە بکات..

بەپێی ئەم لێدوانانەش دەتوانین بڵێین "ئەگەر لە رابردوودا، چاوی بەرپرسانی کورد لە ئەمەریکا بووە، لەمەوبەدوا چاوی ئەمەریکا لە بەرپرسانی کوردە". ئەمەش






دەرفەتێکی زێڕینە کە دووبارەبوونەوەی نییە. لەوانەیە بپرسین بۆچی ئەمەریکا یەکسەرە عێراق دابەش ناکات؟ لە راستیدا ئەمەریکا ناتوانێت ئۆبالی دابەشبوونی عێراق لە ئەستۆ بگرێت و خۆی بخاتە ژێر بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی و گوشاری هەرێمایەتییەوە. تەنانەت هەناردە نەکردنی راستەوخۆی چەک بۆ هەرێم تەنیا ئەو پاساوەی هەبوو کە راستەوخۆ نەبێتە ئەکتەری دابەشکردنی عێراق. بۆیە لە ئاستیی میدیایی و راگەیاندندا پشتگیریی لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکات، بەلام لە ئاستی پراکتیکدا دەستەوەستانە.

لە لایەکیترەوە لە چوارچێوەی هەرێمایەتیش گۆڕان بەسەر گوتاری زۆرێک لە وڵاتانی هەرێمایەتیدا هاتووە. بۆ نموونە، لە ناو وڵاتانی عەرەبی، وەک عەرەبستان کە یاریکەرێکی بەهێزی هەرێمایەتییە، لە ئاستی نافەرمیدا ئەم روانگەیە دروست بووە کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ واقعی ئەمڕۆی رۆژهەلاتی ناڤین زەروورە و یارمەتیدەری کەمکردنەوەی کێشەکان و هەژموونی ئێرانی-شیعیە. هەروەها، بۆ وڵاتانی عەرەبی ئەمە دەرکەوتووە کە بەپێی پرۆسەیی هەڵبژاردن چیتر سوونە (بە کورد و عەرەبی سوونەوە) حوکمی عێراق ناکەنەوە. ئەمەش کارتێکی بەهێز دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان ئەگەر بتوانێت بە باشی سوودی لێوەربگرێت. سەبارەت بە تورکیا، بە دووری دەزانم تورکیا وەک جاران دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات؛ ئەگەرچی هەڵوێستەکانی ئەویش روون و ئاشکرا نین، چونکە هەڵوێستەکانی تورکیا زۆرتر گرێدراو دەبێت بە ئامەدەیی ئێران لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە لایەک و هەڵوێستەکانی پەکەکە لەلایەکیتر. پەکەکە بەپێی دواین لێدوانەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان و جەمیل بایک و دروشمەکانی هەدەپە و واقعی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، رەتی بیرۆکەی دەوڵەت دەکەنەوە، بۆیە دەکرێت لەگەڵ تورکیا، سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ ئاسانتر بێت تا ئێران. سەبارەت بە ئێرانیش کێشەی سەرەکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمن، نەک خودی دەوڵەتی کوردستان. واتە من پێم وایە ئێران لەگەڵ دامەزاراندنی دەوڵەتی کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانی ١٩٩٢ کێشەی نییە، بەلام لە چوارچێوەی سنووری ٢٠١٤ کێشە دروست دەکات.

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا گشتییان فاکتەری دەرەکی بوون، بۆیە پێویستە وەک چۆن فاکتەری دەرەکی ئامادەیە، بەهەمانشێوە فاکتەری ناوخۆیش ئامادە بکرێت. فاکتەریی ناوخۆی ململانێی نێوان یەکێتی و پارتییە، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێشنیارێک دەخەمە ڕوو:

١- باشترە پارتی و یەکێتی لەسەر گوتاری ناوچەگەرایی و نیشتیمانگەراییدا خۆیان ساغ بکەنەوە و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و تورکیا و عێراق دەستنیشان بکەن. سەبارەت بە ئێران و تورکیا مەبەستم ئەوە نییە کە پشت لە یەک لەو دوو وڵاتە بکەن، بەڵکو پێویستە دڵنیایان بکەنەوە هەرێم بۆ ئەوان نابێتە کێشە و هەروەها پێوەندییەکانیشیان بە دامەزراوایی بکەن.

٢- باشترە پارتی و یەکێتی هەوڵی پەلهاوێشتن بۆ پارچەکانیتری کوردستانی گەورە بوەستێنن. نە پارتی دەتوانێت ئەم قەناعەتە بە پەکەکە بکات کە حزبەکانیتر بکاتە هاوبەشی پرۆژەی حوکمداریی لە رۆژئاوا و پارجەکانیتر، نە یەکێتی دەتوانێت بە بەستنی هاوپەیمانی تەکتیکی و شەکلی لەگەڵ پەکەکە، ئەم پارتە بکاتە هاوپشکی دەسەڵاتداریی لە هەرێمدا و لەم رێگەیەوە وەک کارتی گوشار دژی پارتی بەکاری بێنێت.

٣- قسەکەی سەعدی ئەحمەد پیرە، گوایە "کێشەی نێوان پارتی و یەکێتی کێشەی قووڵن"، من هەست دەکەم ئەم گوتەیە گوتەی چۆنیەتی دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانە لە کوردستانی دوای عێراق، نە هی ئێستای هەرێمی کوردستان. بۆیە باشترە ئەم دوو لایەنە بە دوور لە چاوی میدیا ئەم بابەتە یەکلا بکەنەوە. یەکێتی لە پەراوێز بوون دەترسێت، چونکە هەست دەکات قورسایی ناوخۆیی و هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتی پارتی زۆر هەڵکێشاوە و ئەمەش لەوانەیە بە زیانی یەکێتی لە داهاتوودا بشکێتەوە، ئەگەرچی بەشێک لە تاوانەکە دەکەوێتە سەر خودی سیاسەتی میدیایی و پراکتیکیی یەکێتی، بە تایبەتیش لە دوای نەمانی جەلال تاڵەبانی لە پانتایی سیاسیدا.

بە کورتی، ئەوەی کە بۆ قۆناغی ئێستای هەرێم پێویستە "ئیرادەی سیاسییە". ئایا سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان ئێرادەی هەیە کورد بکات بە دەوڵەت - نەتەوە یان نا؟ داهاتوو وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

*کاندیدی دکتۆرا لە گەشەسەندنی سیاسی، زانکۆی بەنگۆر.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / رێکەوتی : ١٦ی جوولای ٢٠١٥

# ژن لە ڕوانگەی دینی زەردەشتییەوە

هاوار بەهمەنی

ژن، هەر لە سەرەتای بناغەی پێکهاتنی کۆمەلگای مرۆڤی سەرەتاییەوە، ڕۆڵی تایبەتی لە گەشە و نەشەی ئەم کۆمەڵگایەدا هەبووە، تاکو هەنووکەش جێگە پەنجەی دیارە و ئەم تەقەلاو تێکۆشانە هەر بەردەوامە و بگرە لە دونیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا شانازی و سەرکەوتن زیاتر بەلای ئەواندا بشکێتەوە.



ژن، هەوێنی باوەڕپێکراوی گیرساندنی شیرە، ژەکی ژیانە. هەموو پیاوە پاڵەوان و بلیمەتەکانی مێژوو لە زک و ئامێز و بەرمەمکەی ژنەوە سەریان هەڵداوە و قووچیان سنگی ئاسمانی کڕاندووە. ژن وەک نیوێک لە کۆمەڵگا و بەدیهێنەری نیوەکەی تریش، خۆی لە خۆیدا وەک هەناسەی گەرم و گوڕی نێو سنگی ژین دەنوێنێت.

بە گوێرەی " ویل دورانت " کە مەبەستی سەرەتاکانی پێکهاتنی شارستانییەتی مرۆڤە: (( ژن لۆری کشتوکاڵ و ماڵی بە پیاو دا و پیاوی وەک مەر و بەراز دەستەمۆ کرد، واتە پیاو دوا ئاژەڵێکە بە دەست ژن دەستەمۆ کراوە و تا ئێستاش ئەم ڕەوتە بەردەوامە. نێربوون شتێکی کووتاڵە و لە ئەندامێکی زاووزێ ـ ئامرازی ناوگەڵ ـ زیاتر نییە، مێ هەڵگری گەرای بەرە و سەرەمڕ پێدانی بەرە، واتە جۆری مرۆڤە و بەدیهێنەری ڕاستەوخۆی ئافرێنەری جەستەیە. تەنیا ئەو ناوازە و بلیمەتییە کە وەک ئاشکراترین نیشانە و سەمبۆلی خواوەندە دەتوانێت شان لە شانی بدات، ژنە، چونکوو هەڵگری بەدیهێنەری مەعنەوی و داهێنەری زانستی نوێ و بایەخگەلی تازەیە. دەتوانین خوا زیاتر لەهەر جێگایەکی تر لە دایکبوون و ناوەزبووندا ببینین.))

بەڵام ژنی ئێستا و کێشە و چەرمەسەرییەکانی چەمکی ئەم بابەتەی ئێمە نییە، بەڵکوو سەیرکردنی ژنە لە ئاوێنەی ئایینێکدا کە بایەخی گونجاوی بەم مرۆڤە داوە. بە وتەی " مارکس " کە دەڵێت : (( مرۆڤ شایەنی ڕێزگرتنە نەک بەزەیی.)) واتە ئەم ئایینە دەبێت ئەم وتەیەی بە کردەوە ڕەچاو کردبێت و ڕێزی بۆ ژن دانابێت، نەک لە ڕوی بەزەیی و ساقەسەرییەوە دڵی بە کوڵهاتبێت و ئەویش لە ڕادەی سەختی ـ هەواڵ ناردن ـ سپارشت دا! مافی بۆی تەرخان کردبێت.

لە وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕی ئەوێستا هەڵاواردنێک لە نێوان ژن و پیاودا نابیندرێت. ئەگەر بڕیارە لە مەڕ گوناحێکەوە ژن تاوانبار بێت، هەر بەو ڕادەیەش پیاو دەکەوێتە ژێر هێمای پرسیارەوە. بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی، هەردوو وەکوو یەک ئامۆژگاری دەکرێن و ئاگادار دەکرێنەوە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بزاڤە پیرۆزە لە کات و سەردەمی خۆیدا، واتە گەیشتن بە تەمەنی گونجاو پەلە بکرێت. چون سەڵت و بە تەنێ مانەوە بۆ کوڕ و کچی گەنج لە کۆمەڵگای زەردەشتیدا بە ئوون ـ عەیب ـ ێکی گەورە هەژمار کراوە. چونکوو باوەڕیان وا بووە کە مرۆڤ پاش هەڵبژاردنی هاوسەر، لە گەڵ پرسکەی ئەوین و خۆشەویستی بەرەو ڕوو دەبێتەوە و ئیتر لە ڕێگەی یاسا و ڕێسا لانادات و هەستێکی قووڵ بە بەرپرسیاریبوون لە سەر گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگای خۆیەوە دەکات. ماڵبات کاکڵە و ناوەرۆکی کۆمەڵگا پێکدێنێت و ژن ڕۆڵی لە بنەماڵەدا وێنەی پاژنە و گێچەنەیە لە دەرگادا، واتە بەبێ ژن نە بنەماڵەیەک لەسەر پێیە و نە هەڵسووڕانی دەرگای بنەماڵە گونجاوە.

بە گوێرەی " ویل دۆرانت " : (( بنەماڵە لە هەموو ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی سروشتی ترە و ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی داخوازگەلی سروشتی، واتە خۆماک و

پەیوەندی زایەندی ـ غەریزەی جنسی ـ و منداڵداری و پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵ دانراوە. هەروەسا بنەماڵە لانکی پاراستن و ڕزگاریدەری ڕێچکە و نەریت و ڕێوڕەسمەیە کە هەوێنی کەلوپووری مرۆڤایەتی و هەرگ و قوڕی بنەڕەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا پێکدێنێت.

هێشتا نازانین کە مرۆڤ کەی و چۆن لە دۆخی ڕاوکردنەوە بۆ وەرزێری ڕاگوێزراوە، بەڵام دەزانین کە لە ئاکامی ئەم گۆڕانە گەورەدا ئەوەجە و پێویستی بەسەرڤانی و سەرترییەکی نوێتر بوو. لە ژیانی شێنە و سەقامگیری وەرزێریدا گەلێک لە هەڤیازی ـ بەرتری ـ کۆن پووچەڵ بووەوە. بە کار و تێکۆشان زیاتر لە بوێری و شەڕەوانی پێویست بوو. زەبر و تووڕەیی جێگەی خۆی دا بە نەرم و نیانی و ئاشتی بە ڤازانجتر لە شەڕ دەرچوو. گرنکتر لەمانە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بارودۆخی ژناندا هاتە ئاراوە. ئەوکات ژن زیاتر لە کێڵگە لە شوێنی ڕاوگە بوو، چونکوو سەدان کاری کابانی و سەرەژنی و ماڵداری، ڤازانجی کارەکەی دە بەرانبەر کردەوە. دامەزراندن و بەکارهێنانی ژنگەلی تر و کرێی هێزیان لە کێڵگە گران دەبوو، بۆیە خواستی ژن ئەو هێزەی هەرزان دەکردەوە، جگە لەوەش منداڵ بەرهەمی ئەو ژن و ژنخوازیە بوو، زیاتر لە مەزێخێکە بۆ خواردن و جلی ساکاری تەرخان دەکرا، کەڵکی بەدیدەهێنا. مناڵان تاکوو سەردەمی پێگەیشتن لە کێڵگە بۆ باوکیان کاریان دەکرد بەبێ ئەوەی بۆ ڕاهێنانیان پارەیەک سەرف بکرێت و تەنانت کچانیش لەم بوارەدا بەکەڵکبوون . بەم بۆنەوە دایکیی بوو بە کارێکی پیرۆز و کەوشەن دانان لە مەڕ منداڵبوونەوە بوو بە کارێکی ڤێزەوەن و منداڵی زۆر لە بنەماڵەدا بوو بە جێگەی ڕەزامەندی خواوەند. ))

## ئاوێستا برگەیەک ئاراستە دەکات بەم چەشنە :

(( ژن سەرچاوگەی خۆشی و شایی و پێکهێنانە، ئەو پیاوەی کە خۆشەویستی لە هەنبەر ژنەکەی بنوێنێ، لە هەنبەر خوا و ژیان و جوانی، سۆز و خۆشەویستی نواندووە.))

واتە پێوەری نرخاندنی ژن دەبێتە سێ شت، کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بێوێنە و لە ڕادەبەدەر و بێسنوورن، وەک ئەهورا و ژیان و جوانی.

لە هەڵکۆڵینی ئاسەوارێ لە لایەن لێکۆڵینەرانی شارەزای بواری کەل و پەلی کۆنینەوە لە " چەرموو " لە دەڤەری چەمچەماڵ کۆتەڵێکی هەرگینەی ژنێکی سکپڕیان دۆزیوەتەوە، کە پێدەچێت ئەم شتە لای ئەو مرۆڤانە هێمای خواوەندی دایک یان زاووزێ بێت. پرۆفیسۆر " بایەد وود " مێژووی ئەم پارچە ئەنتیکە دەباتەوە بۆ ٨٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا. دۆزینەوەی کۆتەڵێکی تری هەرگینەی ٦٠٠٠ ساڵەیی لە تەپۆلکەی " سەراو "ی کرماشان و هەروەها دۆزینەوەی کۆتەڵگەلی ژن لە لوڕستان و ئیلام هێمای پیرۆزبوونی ژنانە لە زاگرۆس بە گشتی و کوردەواری بە تایبەت. هەروەها بوونی کۆتەڵی ژن لە هەموو ماڵاندا نیشانەی پیت و پێز بووە لە کولتووری خەڵکی ئەو ناوچەدا. بەڵام لە مەڕ نێر و مێ بوونی ئەهوراوە هیچ شتێک مسۆگەر نییە، چ کێشەیەک هەیە کە پیاو ئەهورا بە نێر کە نزیکە لە بارودۆخی دەروونی و کەسایەتی خۆیەوە و دەتوانێت ئاسان تر پەیوەندی لەگەڵ بگرێت و بزانێت، هەروەها ژنیش ئەهورای خۆی بە مێ لە مێشکی خۆیدا بنوێنێت و وەکوو دەستە خوشکێ لە گەڵی هەڵس و کەوت بکات.

ژن لەم ئایینەدا بە تەواوی لە هەڵبژاردنی هاوسەر ئازاد و سەربەخۆ بووە و هیچ گوشارێک لە لایەن بنەماڵەوە نەخراوەتە سەری و بۆ کەسێکی لە پێشدا دیاری کراو.

## زەردەشت لە کاتی شووکردنی " پووروچیستا "ی کچیدا دەبێژێت :

(( ئەی پووروچیستا .. ئەی گەنجترین کچی زەردەشت، مەزدا ئەو کەسەی کە باوەڕی بە ئەشە پتەوترە بۆ هاوژینی بە تۆ دەبەخشێت. سا لەگەڵ ئاوەزی خۆت ڕاوێژ و بە یاری سپەندارمەز چاری خۆت ڕەچاو بکە )).

لەم دێڕەدا زەردەشت نە تەنیا کەسێکی پێ پێشنیار ناکات، تەنانەت باس لە ئەوین و حەزو خۆشەویستی لە نێواندا نییە، چونکوو هەمیشە گوڵەی دڵ ئامانج.

ناپێکێت و بە هەڵەدا دەڕوات. بەڵام ڕاشکاوانە قامک لەسەر ئاوەز دادەنێت و دەڵێت ئەو کەسە هەڵبژێرە کە ئاوەزت بە چاکی دەزانێت. تەنانەت دایکی زەوی واتە " سپەندارماز" پێشنیار دەکات بۆ ڕاوێژکاری لە گەڵ کچەکەی. سەیر لەوەدایە هەندێک جار ئەگەر کچێک کوڕێکی خۆشویستووە، بەڵام لە لایەن دایک و باوکییەوە پەسەند نەکراوە، ئەو کچە لەسەر ڕای خۆی " موبد " لەو کوڕەی مارە کردووا و لە پەراوی فەرمیدا تۆماری کردووە. ئەم جۆرە شووکردنە بە " سەربزێو ژن " ناوبراوە ژنان لە دیرۆکی ئەم ئایینەدا توانیویانە پلەوپایەی تەبارگەری و پارێزەری بەدەست بێنن و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە تەمەنی لە پشت وەستانەوەیان ـ تەرکی مانگانە ـ دا ببن بە زێرەڤانی ئاورگە، کە زۆر پلەو پایەو جێگایەکی بەنرخە. بەڵام ژنان لە سێ ڕۆژەی سەرەتای دوشتان ـ پۆن، پیسار، مەهەک ـ کە دەبێتە ئەو خوێنەی کە مانگانە ژنان لە بەریان دەچێت و بێنوێژن نەئەبوو لە ئاگر و ئاو نزیک ببنەوە.

بە ڕاوو بۆچوونی " ماری بۆیس " کە گاتاکان و بەشگەلێکی تری ئاوێستا هەڵدەسەنگێنێت، دەنووسێت: (( لە ئاوێستا چەند جار لە ژنان ئاوڕ دەدرێتەوە، بەڵام وا دەردەکەوێت چ لەم جیهانە و چ لە دونیای پاشەڕۆژیش لەگەڵ پیاوان هاوسانن. بەڵام گاس ئەو بایەخ و گرنگایەتییە کە بە ژنان دراوە قەرزداری بیر و هزری سەربەخۆی زەردەشت بێت، کە لە مەڕ ڕزگاری پیاو و ژنەوە ئەڵها و ئاواتگەلی هاوسانی هەبووە )).

پاش تەشەنە و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەزدا یەسنا، ئێزەدە ژنەکان وەک " میترا " و " ئاناهیتا " بایەخیان پێدراوە و بە دوو ئێزەدی بە هێز و بە توانا هەژمار کراون. " ڤینۆس " سەرچاوگەی شۆخ و شەنگی و زەڕەی ژنانە هەر ئەو " ئافرۆدیت "ەی یۆنانیگەلە کە پێدەچێت وشەی " ئافرەت " ی کوردی لەو وشەوە سەرچاوەی گرتبێت.

فرە ژنی لەم ئایینەدا جێگەی پێ لێژە و هەرگیز باو نەبووە، پیاو تەنیا کاتێک بۆی لواوە ژنێکی تر بهێنێت کە ژنەکەی مردبێت یان لە یەکتر جیابووبێتنەوە، مەرجێکی تر ئەوەیە کە ژن نەزۆک بێت و ئەم داواکارییە لە لایەن پیاوەوە سەلمێندرابێت، نەک بە گوێرەی گومان یان گیروگرفتێک کە بکرێ لە ر ڕێگەی پزیشکەوە چارەسەر بکرێت .

لە ئاوێستا هاتووە: (( مانگا نزاو نزووڵەی شەڕی خاوەنەکەی دەکات، ئەی ئەوەی ئاڵف و ئاوی پێویستم نادەیتێ تاکوو ژن و منداڵەکانت تێر بکەم، هیوادارم ...)). یەسنای ١١، چەپکە وشەی [١] .

بە گوێرەی ئەم دێرە لە پەڕتووکی پیرۆز، ژن بە شێوەی تاک و منداڵ بە کۆ هاتووە، لێرەدا تەنیا خاڵی شیاوی ئاماژە ئەوەیە کە نە ژن و نە پیاوی زەردەشتی بۆیان نییە کەسێک لە دەرەوەی ئایینی خۆیان بۆ هاوسەری هەڵبژێرن.

لە وڵاتی ئاوێستا، نە کولا ـ کەنیز ـ نە ژێرماڵە ـ نۆکەر ـ نە کۆیلە لە ڕێسای ئەو کۆمەڵگایەدا نەبووە و باسیشی لێنەکراوە. لە شوێنگەلی تر بۆ ئەوەی بایەخ بە ژن درابێت، ڕێگە دراوە گەورە ماڵان کولایەک یان چەند کولا بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کار و ئەرکی ماڵ و ئێوەتکردنی زارۆکی ساوا بۆ ژن یان ژنەکانیان بگرن، تا بەم شێوەیە ئەرکی خۆیان لە هەمبەر مافی ژنەوە ڕاپەڕێنن، بەڵام بێئاگا بوون لەوەی کە ئەو کەنیزە بۆخۆی ژنە و ماف و نرخی مرۆڤبوونی خراوەتە ژێر پێ و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی بۆ سازدراوە، تانانەت ڕێگە خۆشکراوە لە لایەن ئاغا و خاوەن ئەو کەنیزانە بەو پەڕی بێشەرمییەوە دەستدرێژی بکرێتە سەریان و بێئابروو بکرێن. تەنانەت لە ئەورووپاشدا ئەم نەریتە قێزەوەنە بووە و بەردەوامیشە. ئەو ڕەگەزە ڕەش پێستە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا، یادگاری چاخی کۆیلەتی و بازرگانی کردن بە هێز و کەسایەتی مرۆڤ بووە. ئەو دوگمەیەی بە تەنیشت لاچەپی کراسی ژنانەوە بووە لە ئەورووپا نیشانەی هەبوونی کەنیز بووە لە گەورە ماڵان، واتە چۆن دوگمە بە لای ڕاستەوە هەڵپێکاندنی سەخڵەت بووە بۆ کەنیز یان کەنیزەکەکان کە ڕاست دەست بوون و ڕووبەڕوو خانمەکانیان ڕۆنیشتوون، ناچار فەرمان دراوە بە بەرگدرووەکان تاکو لە لای چەپەوە دوگمەکان دابنێن بۆ کراسی ژنان کە هەڵپێکەندنی بۆ کەنیز ئاسان بێت.

لە ئاوێستادا نە ژن زەعیفە و نە ئەقڵی سووک ( ناقص ألأقل ) ە، نە بێ دەسەڵات و نە لە ڕیزی کەل و پەلی ناو ماڵ و کەرەسەی ڕازاندنەوەی کۆمەڵگایە ، نە ئامرازی ئەرکی ئاڵۆشییە بۆ پیاو و نە پیاو بە دوو ژن نرخێندراوە، چونکوو ئەوە لەگەڵ ڕاستی ناگونجێت کە بوونەوەرێک بە گەرای خۆی بوونەوەرێکی تر بگرسێنێت و بە

ژەک و شیری خۆی بەخێوی بکات و پاشەڕۆژ بوونەوەرێکی بە ئاوەزتر، بەهێزو تەواوتر لە بوونەوەرە بنەماکەی لێدەرچێت.

لە بەندی کۆتایی (( دە فەرمان )) ی " تەورات " دا هاتووە: (( ژن لە ریزی چوارپێیە و بەشێکە لە سامانی نەگوێزراوە )). ئەم نەتەوەیە واتە جوولەکە، وەک زۆربەی نەتەوە شەرئاشوەکان ژنیان بە هەوێنی ئاریشە و رۆژڕەشی دەزانی. ژنێ کە زارۆکی کچی دەبوو، دەبوو دیسان غوسڵ بکات. کوڕ بە سۆزو بەڵێنی نێوان خۆی و یەهووە شانازی دەکات و لە نوێژدا دەڵێت : (( سووپاس بۆ خوا کە منی بە کافر و ژن نەخولقاند )).

## یەسنا برگەی ٥٣ چەپکە وشەی ٥ ، ئامۆژگاری تازە بووک و زاواکان دەکات و دەبێژێت:

(( ئەی تازە بووک و زاواگەل، ڕووی دەمم لە ئێوەیە؛ گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانم بن و پەیڤم لە بیرتان بمێنێت کە بەوپەڕی غیرەتەوە لە پێناو ژیانی هاوبەشیتاندا تێبکۆشن. هەر کام لە ئێوە بۆ کردەی چاک وخۆشەویستی لە ئەوی تر پێشبڕکێ بکات، تاکوو ئەو ژیانەی پێکەوەبوونتان پربێت لە خۆشگوزەرانی )).

لە یەسنا، برگەی ٥٣ ، چەپکەوشەی ٦، ژن و پیاو ئامۆژگاری دەکات و دەبێژێت:

(( ئەی ژنان و پیاوان؛ ڕێگەی ڕاست بگرن و بەردەوام بن ، هیچ کات بەلای درۆ و خۆشییە ڕووەنیەکاندا مەرۆن، چونکوو تام و چێژی لەگەڵ ناوزراندن تێکەڵە وەکوو ژەهرێ کە ئاوێتەی شیرینی بێت، کە خۆی وەک بەرزەک وایە، بەم کارە لە ژیانی دونیایی و مینوویی خۆتان مەفەوتێنن )).

لێرەشدا نە ژن شەریکی شەیتانە، کە سەرچاوەی گوناح و فریو بێت و نە پیاو بوونەوەرێکە بێ غەل و غەش. هەردوو لا بە یەک چاو سەیر دەکات و دەیان هاوێژێتە بەر هێمای گومانەوە. ئەگەر بڕیارە ڕێگا بەستەڵۆک بێت، ژن و پیاو وەک یەک پێیان دەخزێت کە ڕەت بەرنە نێو دەریای گوناحەوە. لە مەڕ ئاوەڕۆکی ئەم چەپکە وشەوە لە یەسنا، برگەی ٧٢، چەپکە وشەی ٢، دەبێژێت:

(( هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆمان دەخەینە گەڕ،... بۆ ڕاونان و بە ئەرزدادانی پیاوان و ژنانی فریوکار...)).

زینا و خیانەت لە ئاوێستادا بە کارێکی قێزەوەن هەژمار کراوە. بەڵام لە ڕێگەدان بە کوشتن و بەردباران کردن هیچ نیشانە و هێمایەک نییە کە باوک، برا یان مێرد بۆ قەرەبووی ئابرووی لەدەستچووی بنەماڵە، ژنی تاوانبار بداتە بەر ڕەتی خەنجەر.

لە ژن بە ژن، مارەیی، ژن بە جێگەی خوێندان و پەیوەندی بە مۆڵەت ـ سیغە ـ و شیربایی لە ئاوێستادا باس نەکراوە و ئاسەواریان دیار نییە، کە بێگومان ئەمانە نیشانە و هێمای نەبوونی هەلاوردن و هاوسان و بەرانبەربوونی ژن و پیاو دەگەیەنێت. لە لای زەردەشتییەکان وشەی پێوەکانی ـ پەیوەندی ـ لە جیاتی " نیکاح " بەکاردێت. چون واتای بنەڕەتی وشەی " نیکاح " لە عەرەبیدا نزیکی و جووتبوونی ژن و پیاوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە هاوسەری و هاوژیانی، تەنیا لایەنی ئاڵۆشی و شەهوەتی بابەتەکە لەبەرچاو گیراوە، نە خۆشەویستی و قووڵبوونەوە لەو تەمەنەی لە لای یەک ئەبن بە یەک باوەڕی و ئەوین بشتگیری یەکترەوە تێپەڕی بکەن.

## لەم بابەتەوە ئاوێستا ئاماژەی پێداوە:

(( بە دڵ و گیان و ئەوینی ژن، زیاتر لە جەستەی ، سەرنج و بایەخ بدەن )).

بەڕێز " ئایەتوڵڵا مەردوخ " دەبێژێت :

(( مارە و نیکاح لە ناو کورداندا نەبووە، تەنیا ڕەزامەندی هەردوولا ـ ژن و پیاو ـ و پەسندکردنی لە لایەن باوک یان سەرۆکی بنەماڵەیی هەردوو لا بۆ ڕاپەڕاندنی زەماوەند بەس بووە. فرەژنی لە ناو کورداندا قەدەغە بووە، زینا و نێربازی بە تەواوی قۆرخ بووە. خەتەنەیان تێدا باو نەبووە، کچان تا کاتی بالغ بوون ـ پێگەیشتن ـ شروالیان لە پێ نەکردووە، تەنیا پۆشاکییان کراسێکی درێژ بووە، کوڕانیش تا دەمی پێگەیشتن کەمەریان نەبەستووە )). مەبەست لە کەمەرە ـ هۆجەنە ـ یان بەنەخوێن کە کوڕان تا ١٥ ساڵی کە ئیتر لێوەشاوە بێت کە بە بێ یارمەتی کەسێکی تر هۆجەنە ببەستێت، شرواڵیان لە پێ نەدەکرد و تەنیا وەک و کچان کراسێکی شۆڕیان لەبەر بووە.

بێگومان لەسەردەمی بەرتەسکبوونی پەیوەندی ژنان و کچان لە گەڵ دنیای دەرەوەی ماڵ، کانی لە ڕەوتی جۆرێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژناندا ڕۆڵی تایبەتی هەبووە. ژنان لەم ڕەهەندەوە توانیویانە هەموو ئێوارەیەک لەگەڵ دەستەخوشکانی گوند یاخوود گەڕەک پەیوەندییەکی توندوتوڵ بگرن و زانیاری خۆیان لە مەڕ دۆخی دەڤەر و ژینگەوە چڕوپڕ، هەواڵەکان ئاڵوگۆڕ بکەن. تەنانەت دەرفەتێکی گونجاو بووە بۆ چاوبڕکێ و سۆز و خۆشەویستی و هەروەها جێژوان پێکهێنان لەگەڵ کوڕان.

لە پێنجەم ڕۆژی مانگی " ئیسپەند " ـ ڕەشەمە ـ کە بە هۆی هاودەقبوونی ڕۆژ و مانگ، جەژن گیراوە و بە جێژنی (( مزگێنی گیران )) ناوبانگی بووە، چونکە ژنان لەو ڕۆژەدا لە شووەکانیان خەڵات و پێشکەشییان وەرگرتووە و ئارەزووەکانیان جێبەجێ کراوە. " سپەندارمز " ژنە و بە کچی ئەهورا ناسراوە، لە برێک شوێن بە زەوی و هەروەها ئێزەدی پارێزەر و چاودێری ژنان ناوزەد کراوە. واتە بەم پێیە ئەم جەژنەی ئێمە لە کەونارابووندا، جەژنی " ڤالانتاین " ـ ڕۆژی ئەوین ـ و ڕۆژی (( ٨ ی مارس )) وەک ڕۆژی ژنان دەهاوێژێتە پەراوێزەوە. ڕێپێڵگەی ئەم جەژنە لە هەورامان، لە گوندەکانی " چەشمیەر " و " دیۆەزناو " هەر ماوە و خەڵک تا ئێستاش بەڕێوەی دەبەن.

"`کانی " لە وشەی " کەن " ی ئەوێستایی سەرچاوەی گرتووە، کە واتای کەندن و کان و سەرچاوگەی لێدەوەشێتەوە. لە بێژەی جۆراوجۆری ئێستای کوردیدا بەم چەشنەیە: کە بە هۆی کانی چوون و ئاوهێنانی کیژان گاس ناوی ی لە خۆ گرتووە، هەروەها یان زاووزێ کردنی ژنان هۆکاری لەخۆگرتنی ئەم ناوە بێت. کچ لە ئەوێستا " دۆغ " ەیە کە هاوتا و شێوەی گۆڕدراوی لە زمانی کوردی زاراوەی کوردی خوارێندا ەیە .

" دا " لە ئەوێستا با واتای دان و بەخشینە و " دات " واتە یاسا و ڕێسا بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و هەروەها وشەی " دادار " ناوێکە بۆ " ئەهورا " ، واتە خاوەنی هێزی ناوبژیوانی، کە هەنووکەش ئەو وشانەی سەرەوە لە بێژەی کوردیدا بەو دەقە و زیاتر لەویش بەکاردەبرێت، وەک هاوار و سکاڵا. وشەی ڕێزلێنان بۆ کچی شوونەکردوو " دا شنۆ "، بۆ ژنان " دادە شنۆ ". " ددا " واتە نەنک، دایە گەورە. "دا" واتە دایک، داڵک، دایە، دێ، دایەن ـ زڕ دایک ـ . ئۆدا و داک لەو وشە ئاوێستاییەوە سەرچاوە دەگرێت. گاس چون دایک ژیان دەبەخشێت بە پێز و بەهۆی زاووزێیەوە ئەم ناوە کە هاودەقی کانییە لە سەری دانراوە.

## ژنانی ناوداری ئاڤێستا :

١- " دوغدوو "، دایکی زەردەشت.

٢- " هووی "، خێزانی زەردەشت .

٣- " هەوتەوسا " خێزانی کەی گوشتاسپ کە لە یەکەم کەسانێ بوون ئایینی زەردەشتییان وەرگرت.

٤-" فرینی " کچی گەورە، " سریتی " ناوەنجی و " پووروچیستا" کچە بچکۆلەی ئەشۆ زەردەشت.

٥- " هۆما " کچی کەی گوشتاسپ .

٦- " ئوروزی " لە گەڵ هەشت کچی تر لە فەروەردین یەشت دا ناویان ئاماژەی پێ دراوە.

ڕێز و خۆشەویستی ژن لە فۆلکلۆر، بێژە، ئەفسانە، بەند و باو، گۆرانی، هەڵپەرکێ و هۆنراوەی هۆنەراندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە. کە لە سەلمێنەری پلە و پایەی ئەم مرۆڤەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا. مەخابن ژن بە پێی کولتووری هاوردەی عەرەب دوایی تووشی نەهامەتی، سەرکوتکردن و بێمافی دەبێت.

هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک کە ڕەگی لە ناخی مێژوو دایە، بەڵگەی هاوسانی ژن و پیاو دەگەیەنێت کە لە هەڵسووڕانی و بەردەوامکردنی ژن و پیاو پێکەوە پێویستن، کە ئەم دوو بوونەوەرە دەست لە نێو دەستی یەکتر، شان بە شان لە یەک ڕیزی هەڵپەڕکێدا لە ئەوپەڕی مێژووەوە تا ئێستا دوور لە کێشەی نامووسی کەمنرخی ژن، خنچکەو بەزم و شادیان گێڕاوە.

لە کتێبی ( زەردەشت لە کولتووری کوردەواریدا ) ی هاوار بەهمەنی وەرگیراوە..

سەرچاوە : ماڵپەڕی دەنگی ئێمە / ڕێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٤





## Gelawej ٢٧١٥ گەلاوێژ

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ١ 23 | ٢ 24 |
| ٣ 25 | ٤ 26 | ٥ 27 | ٦ 28 | ٧ 29 | ٨ 30 | ٩ 31 |
| ١٠ Agu 1 | ١١ 2 | ١٢ 3 | ١٣ 4 | ١٤ 5 | ١٥ 6 | ١٦ 7 |
| ١٧ 8 | ١٨ 9 | ١٩ 10 | ٢٠ 11 | ٢١ 12 | ٢٢ 13 | ٢٣ 14 |
| ٢٤ 15 | ٢٥ 16 | ٢٦ 17 | ٢٧ 18 | ٢٨ 19 | ٢٩ 20 | ٣٠ 21 |
| ٣١ 22 | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca